کاڵێ عەبدوڵا

# ناکۆکی لە فێرگەدا و
# شێوازی چارەکردنی



کوردستان، پاییزی 2024

ناکۆکی لە فێرگەدا و شێوازی چارەکردنی

ئەو پەرتووکەی پێویستە هەموو پەروەردەکارێک بیخوێنێتەوە

نووسەر: کاڵێ عەبدوڵا

دیزاینی بەرگ: حەمە سەعاتچی

جاوتەنە، کوردستان پاییزی 2024

**پێشکەشە بە**

- هاوسەر و خێزانی ئازیزم کە بەردەوام پشتیوانن
- هاوڕێ و هاوکارانم بۆ سەرنجی ورد و بەهاداریان
- هەموو ئەو پەروەردەکارانەی بۆ من سەرچاوەی فێربوون بوون و هەن
- گشت ئەوانەی پەرۆشی چارەی ناکۆکین

## پێرست


**دەربارەی ئەم پەرتووکە** ........ 5
**پێشەکی** ........ 6
**پاژی یەکەم  ناساندنی ناکۆکی و جۆرەکانی** ........ 7
ناکۆکیی نێوان مامۆستا و فێرخواز ........ 9
ناکۆکیی نێوان فێرخواز و فێرخواز ........ 11
ناکۆکیی نێوان مامۆستا و مامۆستا ........ 15
ناکۆکیی نێوان مامۆستا و سەرپەرشت ........ 16
ناکۆکیی نێوان مامۆستا و بەڕێوەبەر ........ 18
ناکۆکیی نێوان مامۆستا و دایباب ........ 20
**پاژی دووهەم نێوانسازی لە چارەی ناکۆکییدا** ........ 24
قۆناخەکانی نێوانسازی لە ناکۆکییدا ........ 26
نێوانساز (ناوبژیکار) کێیە؟ ........ 29
ڕۆڵی نێوانساز چییە؟ ........ 29
نێوانسازی لە فێرگەدا ........ 30
سوودی نێوانسازی لە فێرگە ........ 30
مامۆستا وەک نێوانساز ........ 31
فێرخواز وەک نێوانساز (ناوبژیوانی هەڤاڵکرد) ........ 32
خێزان وەک نێوانساز ........ 32
**پاژی سێهەم  ئاشناکردنی فێرخوازان بە دیاردەی ناکۆکی و شێوازی چارەکردنی** ........ 34
ڕێگەکانی ڕووماڵکردنی ناکۆکی لە فێرگەدا ........ 36
پلانرێژی بۆ هەڵمەتی ڕێبەستن لە دیاردەی ناکۆکی ........ 39
جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی چارەکردنی دیاردەی ناکۆکی ........ 40
**پاژی چوارەم نموونەسازی** ........ 45
**سەرەنجام** ........ 57
**سەرچاوە** ........ 58

## دەربارەی ئەم پەرتووکە

زۆرێک لە بابەتەکانی ئەم پەرتووکە زادەی تێگەیشتن و ئەزموونی کارکردنی نووسەرن، بەشێکیشیان بەرهەمی وەرگێڕدراون لە سەرچاوە و پەرتووکی جیاواز کە پەیوەندیدارن بە ناکۆکی، بەشەکەی دیکەشیان چیرۆکی ئەزموونکراوی ڕاهێنەرانن کە لە ماوەی ڕاهێزانی سەرهێڵدا لە پرۆژەی «ئی ڕاهێنان»ی سەر بە وەزارەتی پەروەردە، لەبارەی چارەی ناکۆکی لەو فێرگانەی کە کاریان تێدا کردووە، تایبەت بۆ پرۆژەی «ئی ڕاهێنان» نووسیویانن، لەسەر مۆڵەتی خۆیان لە پاژی کۆتایی پەرتووکەکەدا دانراون.

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

## پێشەکی

سوپاس بۆ خودا کە تەمەنی پێ دام ئەو کتێبە بنووسم، هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هاوکاریان کردم، هەم لە بیرۆکەی نووسینی پەرتووکەکە، هەم لە پێداچوونەوە و مشتومالّی پەرتووکەکە.

ماوەی چەند ساڵێکە کار لەسەر باسی ناکۆکی و چارەی ناکۆکی دەکەم لە فێرگەدا، لەو ماوەیەدا دوو کۆرسی تایبەت بەو باسەم بۆ سەکۆی «ئی ڕاهێنان»، بۆ ڕاهێزانی ڕاهێنەرانی نیشتیمانی دیزاین کردووە. مەبەستمە ئەو پەرتووکە بەدەست زۆرینەی خەڵک بگات، بەتایبەتیش مامۆستایان و پەروەردەکاران، تاوەکوو کاتێک دەکەونە دۆخی ناکۆکییەوە بزانن کە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

زۆرێک لەو بابەتانەی کە لەم پەرتووکەدا باسیان هاتووە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووبەڕووی هەریەکەمان بۆتەوە، لەوانەیە بە شێوەیەکی دروست مامەڵەمان کردبێت، یاخود بە هۆی نەبوونی زانیاری تەواومان لەسەر ئەو باسانە مامەڵەتێکی دروستمان ئەنجام نەدابێت لە دۆخەکەدا. بە هەر بارێکدا بێت، ناکۆکی دیاردەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە هەر شوێنێکدا، باش و خراپیان نییە، بەڵکوو شێوازی مامەڵەتی ئێمە لە دۆخی ناکۆکییەکەدا دەتوانێت بڕیار لەسەر ناکۆکییەکە بدات، کە ئایا ناکۆکییەکە دروستکەرە یاخود ڕوخێنەرە. ناکۆکی هەر جۆرێک بێت پێویستە ڕێگە لە دروستبوونی نەگیرێت، تاوەکوو دەرفەتی بەرەوپێشچوون لە ڕێگە شێوازی چارەکردنی ناکۆکییەکەوە بێنە کایەوە.

کاڵێ عەبدوڵا

پایزی ٢٠٢٤

# پاژی یەکەم

## ناساندنی ناکۆکی و جۆرەکانی

ناکۆکی بەشێوەیەکی گشتی چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، کە دەشێت مرۆڤ هەستیان پێ بکات، لەوانە، ناکۆکیی مرۆڤ لەگەڵ خۆی، لەگەڵ کۆمەڵگە، لەگەڵ سروشت و ناکۆکیی مرۆڤ لەگەڵ کەسی بەرانبەر.

ناکۆکیی مرۆڤ لەگەڵ خۆی، ناکۆکییەکە کە مرۆڤ لە ناخی خۆیدایە، کاتێک دەیەوێت کارێک بکات، بەڵام نایکات، یاخود بەپێچەوانەوە، کاتێک مرۆڤ دەیەوێت واز لە خوویەک یان کردارێکی خۆی بهێنێت، لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە مشتومڕ وە، ئەو ناکۆکییە ناخەکییە، واتە دەوروبەر هەستی پێ ناکەن.

ناکۆکیی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگە، ئەو ناکۆکییە کاتێک دروست دەبێت کە مرۆڤ دژبەرە لەگەڵ ئەو دابونەیتانەی کە لە کۆمەڵگە بوونیان هەیە، واتە پەیڕەوی ئەو نەریتانە ناکات یاخود دژیان دەوەستێتەوە، لەبەرئەوەی بڕوای پێیان نییە، یاخود بە ڕاستیان نازانیت، بەوەش هەم لەلایەن کۆمەڵگەوە دەکەوێتە بەر تانەلێدان، هەمیش بە کەسێکی نامۆ سەیر دەکرێت، چونکە وەک گشت نییە.

ناکۆکیی مرۆڤ لەگەڵ سروشت، ئەوەیان ناکۆکییەکە مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و سروشت هەیەتی، کاتێک کەسێک دۆخێکی تەندروستی تایبەتی هەیە، بۆ نموونە هەستیاری بەرانبەر کەشوهەوای سارد یان گەرم، یاخود هەستیاری بەرانبەر سروشت و دەستدان لە گژوگیا، لەو دۆخانەدا، مرۆڤ دەکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ سروشتی دەوروبەری.

ناکۆکیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، ئەو ناکۆکییە زۆرجار لەسەر بابەتێک دێتە ئاراوە.

ئەوەی ئێمە سێرەمان لەسەریەتی لەو پەرتووکەدا ناکۆکیی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤ، بە دیاریکراویش لە فێرگەدا. ناکۆکی بە واتەی هاوڕانەبوونی کەسێک دێت لەگەڵ کەسێکی دیکە، لەسەر بابەتێک یا دۆزێک. ناکۆکی ململانێ و بەریەککەوتنە، لە نێوان دوو لایەن یان زیاتردا ڕوو دەدات کە تێیدا لایەنێک دەرفەتی گەیشتن بە ئاواتەکانی لەلایەن کەسی بەرانبەرەوە ڕێبەست دەکرێت. واتە ڕێگە بە کەسێک یاخود لایەنێک نادرێت ئەوەی مەبەستییەتی ئەنجامی بدات، لایەنی بەرانبەر خواستی خۆی وەپێش دەخات.

نەبوونی ناکۆکی لە شوێنێکدا بە واتای نەبوونی دەرفەتی فراژووتنە، چونکە ناکۆکی هانی لایەنەکان دەدات کە هەوڵ بدەن بەدوای ڕێگەچارەدا بگەڕێن، ئەمەش وا دەکات دەرفەتی بەرەوپێشچوون زیاتر بێت، لە ڕێگەی دۆزینەوەی چارەی گونجاو بۆ ئەو ناکۆکییەی کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە.

فێرگە وەک جیهانێکی بچووکی کۆمەڵایەتی بەهۆی هەبوونی جۆرەها بۆچوون و بیرکردنەوە تێیدا، دەبێتە مەیدانێک بۆ دەربڕینی ئەو جیاوازییانە و شوێنێک کە ڕۆژانە ناکۆکیی جۆراوجۆر تێیدا سەرهەڵدەن، لەو ناکۆکییانەش ناکۆکیی نێوان ***فێرخواز و فێرخواز***، ***مامۆستا و فێرخواز***، ***مامۆستا و مامۆستا***، ***مامۆستا و بەڕێوەبەر***، ***مامۆستا و سەرپەرشت***، هەروەها ***مامۆستا و خێزان***.

هەریەک لەو ناکۆکییانە هۆکار و دەرئەنجامی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەگەر هاتوو ئەو لایەنانەی کە ناکۆکی لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدات توانای دانوستانێکی گونجاویان هەبێت ئەوە ئاسانتر دەتوانن چارەی ئەو ناکۆکییە بکەن کە هەیە، بەڵام لە هەندێک دۆخدا لایەنە ناکۆکەکان ناتوانن یان نایانەوێت بەرەو چارە هەنگاو بنێن، بۆیەش پێویست دەکات نێوانساز (بژیوان)ێک بێتە نێوانیان نێوەندگیری بکات هەوڵ بدات یارمەتییان بدات و دانوستانی نێوانیان ببوژێنێتەوە.

هەڵکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخانەدا پێویستییان بە ڕاهێنانی باش هەیە، بۆیە مامۆستایان پێویستە بەباشی ڕابهێنرێن لە مامەڵەتکردن لە دەمی ناکۆکییدا، ئەویش لە ڕێگەی خول و وۆرکشۆپی تایبەت بۆ ڕاهێزانی توانای مامۆستایان، لەبارەی هونەری چارەی کێشە و شێوازی دانوستانی گونجاو و گوێڕادێران... هتد لەو ڕێگەیەشەوە مامۆستایان دەتوانن ببنە ڕێبەرێکی کارا لە پۆلدا و فێرخوازانیش فێر بکەن کە خۆیان چارەی ناکۆکییەکانیان بکەن.

ناکۆکی ئەگەر هاتوو بەردەوام بوو سەر دەکێشێت بۆ توندوتیژی لەشەکی، لەو بارەشدا پێویستە دەستبەجێ ڕابگیرێت، چونکە هەموو ڕەفتارێکی توندوتیژی لە فێرگەدا یاساخە، لەبەرئەوە ناکرێت ناکۆکی وێڵ بکرێت، بەڵکوو پێویستە بە ڕێگەی چارەی گونجاو هەوڵی چارەکردنی بدرێت.

هەر ناکۆییەک کە سەرهەڵدەدات دەکرێت ناکۆکیی گەرم یان سارد بێت، ناکۆکیی گەرم یان داخ ئەوەیە کە لایەنەکانی ناکۆک زۆر سەرگەرمی ئامانجەکانی خۆیانن، خۆیان بە لایەنی بەهێز دەزانن، ئەو جۆرە ناکۆکییە لەناو نەوجەوانانندا زۆرە. ناکۆکیی سارد، ئەو ناکۆکییەیە کە لایەنەکانی ناکۆک ترسیان هەیە لە ناکۆکی چونکە خۆیان بە لاوازتر دەبینن لەئاست لایەنی بەرانبەردا.

ناکۆکی لە فێرگەدا دابەش دەبن بەسەر چەند جۆرێکدا، ناکۆکیی نێوان فێرخواز و فێرخواز لە جۆری ناکۆکیی گەرمە، چونکە لایەنی ناکۆک لە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجی خۆیدایە. ناکۆکیی نێوان مامۆستا و بەڕێوەبەر سەر بە ناکۆکییساردە، لایەنی یەکەم کە مامۆستایە ترسی لە ناکۆکی هەیە، چوونکە خۆیان بە لاوازتر دەبین لە چاو لایەنی بەرانبەردا.

لە فێرگەدا بەگشتی چەند جۆرێکی ناکۆکی سەر هەڵدەدەن، کە هەریەک لەو ناکۆکییانە دەکرێت بەپێی دۆخی ناکۆکییەکە سارد یان گەرم بێت.

ئەمانەش پێنج لە باوترین جۆرەکانی ناکۆکیین لە فێرگەدا.

**ناکۆکیی نێوان مامۆستا و فێرخواز**

تۆ لە پۆلێکدا خەریکی وانەگوتنەوەی، فێرخوازیەک هەوڵ دەدات خۆی نمایش بکات لەبەرچاوی هاوڕێکانی، ڕەفتارێکی ناجۆر ئەنجام دەدات و ئارامی پۆلەکە دەشێوێنێت، تۆ چی دەکەیت لەو کاتەدا؟

لەوانەیە تاکە یەک مۆدێلی دروست و دیاریکراو نەبێت بۆ چارەکردنی ئەو جۆرە ناکۆکییە، بەڵکوو چەندین چارەڕێ هەبێت کە مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگەیانەوە ناکۆکییەکە دابمرکێنێتەوە، بەڵام ئەو ڕێگانە تا چەند گونجاون بۆ چارەکردنی ئەو ناکۆکییانە ئەوەش باسێکی دیکەیە.

«***سازشکردن و لێکتێگەیشتن***» دوو کلیلی گرینگن بۆ مامەڵەتێکی کاریگەری مامۆستا لەگەڵ فێرخواز لە دەمی ناکۆکییدا، مامۆستایان پێویستە بە ئامرازی هاوسۆزەتیی گونجاو خۆیان تەیار بکەن لە دەمی ناکۆکییدا لەگەڵ فێرخوازان.

دیاریکردنی گشت هۆکارەکانی پشت ناکۆکیی فێرخوازان لە پۆلدا کارێکی ئاسان نییە، دەشێت فێرخوازێک سەرنجی لای مامۆستا نەبێت چونکە لە کاتی هاتنی بۆ فێرگە هەراسان کرابێت. ئەو فێرخوازەی کە لە پۆلدا بەردەوام بە گاڵتەجاڕییەوە وەڵام دەداتەوە، لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە لەناو خێزانەکەیدا مامەڵەتێکی دروستی لەگەڵ نەکرابێت یاخود لە ڕووی فێربوونەوە کەماسیی هەبێت و بیەوێت بەو ڕێگەیە بیشارێتەوە.

هەروەها بەشداریی فێرخوازان لە پۆلدا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان مامۆستا و فێرخواز، ئەو فێرخوازانەی سەرنج نادەنە مامۆستا لەکاتی وانەدا یان هاوڕێکانیان سەرقاڵ دەکەن، هۆکارن بۆ دروستبوونی ناکۆکی لە پۆلدا، ئەو فێرخوازانە بەلای زۆرێک لە مامۆستایانیشەوە بێزارکەرن.

ڕەنگە باوترین جۆری ناکۆکی لە نێوان مامۆستا و فێرخواز پچڕانی مامۆستا بێت لە پۆلدا بەهۆی ڕەفتارێکی فێرخوازانەوە، زۆرجار ئەو پچڕانە کاریگەریی نایەتی دروست دەکات لەسەر ئەو فێرخوازانەی کە هیچ گرفتێکی ڕەفتارییان نییە، چونکە وا دەکات دوا بکەون لە وانەکەیان و مامۆستاش لە پۆلدا کەمتر لە کاژێرێک کاتی هەیە بۆ ئەوەی پلانی وانەکە جێبەجی بکات، بۆیە چارەسەرێکی خێرا بۆ ئەو جۆرە ناکۆکییە لەو کاتەدا دەشێت بژاردەیەکی باش دەبێت، بەڵام دواتر مامۆستا بەتایبەت لەگەڵ فێرخوازەکە دابنیشێت، تاوەکوو لە هۆکاری پشت ئەو ڕەفتارەی فێرخوازەکە بکۆڵێتەوە.

کارێکی سەختە مامۆستا بتوانێت زۆربەی ئەو هەستانەی فێرخواز هەیەتی ڕێبەستیان بکات، بەڵام دەکرێت چەند ستراتیژێکی گونجاو بەکار بهێنێت بۆ مامەڵەتکردن لەو کاتانەدا، بەر لە بەکارهێنانی ئەو ستراتیژییانە، پێویستە لە هۆکاری ئەو پچڕانە بکۆڵێتەوە کە لە پۆلدا ڕووی داوە. دەتوانین هۆکارەکان لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆ بکەینەوە.

- فێرخواز لە وانەدا هەست دەکات کراوەتە ئامانجی هێرش.
- فێرخواز بێزارە لەناو وانەدا.
- فێرخواز هەست بکات هیچ شتێک بە وانەکەوە نایبەستێتەوە.
- ململانێی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا هەیە.
- دڵەڕاوکێی هەیە دەربارەی بوون لە پۆلدا.

ئەو ستراتیژییانەی کە مامۆستا پێویستە بەکاریان بهێنێت بۆ مامەڵەتکردن لەگەڵ ئەو ناکۆکییانە بریتین لە:

- **پێویستە مامۆستا بزانێت کەی و لە کوێ چارەی ناکۆکییەکە دەکات.**

گرینگە مامۆستا بەپەرێز بێت لە ناوهێنانی فێرخواز لە پۆلدا بەدەنگی بەرز، بۆ ئەوەی سەنجی فێرخوازانی دیکە نەپچڕێت و بێزار نەبن، پێویستە مامۆستا [1]ڕژد بێت بەڵام توند نەبێت. بۆ نموونە دەتوانێت بڵێت: «من ئێستا خەریکی وانە گوتنەوەم، چاوەڕێ بکە تا وانەکە تەواو دەبێت، پێکەوە قسە دەکەین.»

- **مامۆستا دەبێت کۆنترۆڵی تۆنی دەنگی خۆی بکات.**

تۆنی دەنگ ڕێگەیەکی گرینگە کە مامۆستا دەتوانێت لەڕێگەیەوە جڵەوی پۆلەکە بگرێتە دەست، بەتایبەت لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا، ئەو فێرخوازانەی زۆر هاوسۆزن و ئاسان هەستەکانی مامۆستا

[1] ڕژد: سوور، پێداگر

دەرک دەکەن، دەتوانن لە پەیامی مامۆستا تێ بگەن، کە چۆن پەیامەکە دەگەیەنێت، نەوەک چ پەیامێک دەگەیەنێت.

بەرز و نزمکردنی تۆنی دەنگ لەلایەن مامۆستاوە لەکاتی وانەگوتنەوەدا، یاریدەرێکی باشە بۆ ئەو فێرخوازانەی کە لە کاتی وانەدا خەیاڵیان دەڕوات، لەم ڕێگەوە دەتوانرێت سەرنجیان بهێنرێتەوە سەر وانەکە، بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات مامۆستا ناوی فێرخوازیەکە بهێنێت، یاخود وانەکەی بپچڕێنێت.

بەنەرمی قسەکردن کاریگەریی باشی هەیە لەسەر فێرخوازان، بەڵام ئەگەر هاتوو تۆنی دەنگی مامۆستا ڕەنگدانەوەی توند و زبری هەبێت لەلای فێرخوازان، ئەوانیش هەمان هەڵوێست دەنوێننەوە. بۆ نموونە پەیامی **«بێدەنگ بن!»** دەکرێت بە چەند شێوازێکی جیاواز بگەیەنین و فێرخوازان ئارام بکەینەوە بەبێ ئەوەی زبری پێوە دیار بێت، دەکرێت بڵێین:

- **«ئارامی بپارێزن!»**،
- **«هەموو ئارەزوو دەکەین لە ژینگەیەکی ئارامدا وانە بخوێنین!»**.

- **هاوسۆزی نواندن و تێگەیشتن لە پێویستیی فێرخوازان**

پیشاندانی کەمێک هاوسۆزی دەتوانێت ڕێگەیەکی دوورت بۆ نزیک بکاتەوە. گوێگرتن لە فێرخوازان پێویستی بە ڕاهێزانێکی توانای تایبەت نییە، لەوانەیە فێرخوازەکە دڵەڕاوکێیەکی هەبێت یان دووچاری کێشەیەکی کەسی بووبێت، بۆیە گوێگرتن لێی دەکرێت هەنگاوێک بێت بۆ ڕەوینەوەی ئەو خەم و دڵەڕاوکێیەی کە هەیەتی. مامۆستا پێویستە لە ڕێگەی نواندنی هاوسۆزییەوە پردی متمانە لەنێوان خۆی و فێرخوازاندا دروست بکات، چونکە ئەوە یارمەتیدەرە تاوەکوو مەیلی فێرخواز بۆ نواندنی ڕەفتاری باش زیاتر بێت، بۆ ئەوەی کاتێک فێرخوازان دووچاری کێشەیەک دەبن بتوانن بۆ مامۆستای باس بکەن. کاتێک فێرخوازان هەست بە هاوسۆزی دەکەن لەلایەن مامۆستاوە، مەیلیان هەیە کە ڕەفتاری باشتر بنوێنن لە پۆلدا.

## ناکۆکیی نێوان فێرخواز و فێرخواز

ئەو جۆرە ناکۆکییە فێرخواز لەگەڵ هاوپۆلێکی یان چەند فێرخوازەکی دیکە هەیەتی، ئەو ناکۆکییە کاریگەریی نایەتی لەسەر مامۆستایان، فێرخوازان و تەواوی فێرگەکەش دادەنێت. گرینگ نییە فێرخوازان لە چ قۆناخ و تەمەنێکدان، ناکۆکی لەناو فێرخوازان [2]داکەوتە. هەر لە فێرگەی بنەڕەتییەوە هەتا ئامادەیی، مامۆستا زوو یان درەنگ ڕووبەڕووی ئەو ناکۆکییانە دەبێتەوە لەناو فێرخوازان. بۆ کەمکردنەوەی ئەم ناکۆکییانە و هەوڵدان بۆ ڕێبەستکردنیان لە داهاتوودا، زۆر گرینگە لە هۆکاری ناکۆکییەکانیان تێ بگەین، هەروەها بزانین کە چۆن

[2] داکەوت: واقیع، ڕاستی

مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، هەروەها دەتوانین چی بکەین لە پۆلەکەدا بۆ ئەوەی ڕێگری بکەین لە دروستبوونی کارەساتی گەورە.

زۆرجار ناکۆکییەکە لەناو فێرخوازاندا ئەو کاتە سەر هەڵدەدات کە فێرخوازان لەسەر باسێک لەگەڵ یەکدی هاوڕا نین. ناکۆکییەکە زیاتر پەرە دەستێنێت بەهۆی لێک تێنەگەیشتن و بەربەرەکانی نێوان گرووپەکان و جیاوازی لە **ئاست** و **پلەی کۆمەڵایەتی**، **هێز و دەسەڵات**، **زانیار**، **ڕۆڵ و پەیوەندی**، هەروەها **بەهای فەرهەنگی و ئاینی**.
هەریەک لەم هۆکارانە ڕۆڵی گرینگی هەیە لە سەرهەڵدان و [3]دنەدانی ناکۆکی لە نێوان فێرخوازان. بۆ نموونە فێرخوازەک ئاست و پلەی کۆمەڵایەتی خێزانەکەی بەکار دەهێنێت بە مەبەستی خۆدەرخستن و هەراسانکردنی فێرخوازانی دیکە. یان فێرخوازەک بەهۆی کەمیی توانای تێگەیشتن لە وەرگرتنی زانیاردا دەبێتە جێی گاڵتەپێکردن لەلایەن هاوڕێکانییەوە. ڕۆڵ و پەیوەندیی هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە ناکۆکییەن، ئەمەش کاتێک دروست دەبێت کە فێرخوازان لە ڕووی پەیوەندی و نێزیکایەتییەوە کێشە دەکەوێتە نێوانیان، کاتێک دوو هاوڕێ هەڤبەندییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ یەکتری، جا ئەو نێزیکایەتییە سۆزداری بێت یان هاوڕێیەتی، ئەوان حەز ناکەن کەسی دیکە تێکەڵیان ببێت.
دەتوانین هۆکارەکانی دروستبوونی ناکۆکیی نێوان فێرخوازان لەو چەند هۆکارەی خوارەوە پوخت بکەینەوە:

- **چەپاندن و هەراسانکردن**

کاتێک باس لە ناکۆکیی نێوان فێرخوازیان دەکەین یەکەم شت کە بە خەیاڵماندا دێت [4]چەپاندنە. ئەوە لە کاتێکدایە کە چەپاندن و هەراسانکردن دوو ڕەفتاری یاساخن لە فێرگەدا، بەڵام ڕێگەیەک نییە تاوەکوو چارەسەری ڕیشەیی بۆ ئەو کارە بدۆزینەوە. ناشتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە چەپاندن هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی زۆرێک لە ناکۆکییەکانە.

- **جیاوازیی بیروڕا**

جیاوازیی بیروڕا لەناو گەورەکاندا ڕاستییەکی پەسەندکراوە، ئەو جیاوازییە لە بیرکردنەوە و بۆچووندا بە شتێکی باش دادەنرێت، چونکە هانیان دەدات بۆ بەرەوپێشچوون و تێڕوانینی نوێیان پێ دەدات. بەڵام لەناو منداڵاندا کە هێشتا هزریان لە گەشەکردندایە، بیروڕای جیاواز دەبێتە هۆی ناکۆکی لە نێوانیاندا. بڕیاردانی بەپەلە و تێنەگەیشتن لەیەکدی لەهەر لایەنێکیانەوە بێت، هانی هەموو دەستەکە دەدات بەشدار بن لە ئازاردانی هەستی یەکدی و [5]تاودانی ناکۆکییەکە.

هەندێک جار جیاوازیی بیروڕای نێوان فێرخوازان پەیوەستە بە جیاوازیی بەهای فەرهەنگی و ئاینییەوە، کاتێک فێرخوازێک ڕێگە نادات فێرخوازییەکی زایەندی بەرانبەر لەلای دابنیشێت یان هاوکاریی بکات کاتێک کە پێویستی بە هاوکارییە، یان فێرخوازیەک بەهۆی پابەندبوونی بە بەها ئاینییەکانەوە دەبێتە جێی هەراسانکردن لەلایەن هاوپۆلەکانییەوە.

---

[3] دنەدان: هاندان
[4] چەپاندن: هەراسانکردن، سەرخستنەسەر، Bulling
[5] تاودان: گەشەکردن

- **کێبڕکێی نێوان فێرخوازان**

فێرخوازان لە فێرگەدا لە کێبڕکێیەکی زۆردان، هەندێک جار ئەو کێبەڕکێیە لە چالاکییە وەرزشییەکاندایە، هەندێک جاریش لە بەدەستهێنانی نمرەی بەرزدایە. فێرخوازان بەردەوام لە کێبڕکێیدان بۆ دەستهێنانی ئەنجامی باش لە هەڵسەنگاندن و تواناذۆزییەکاندا، ئەم کێبڕکێیەش زۆرجار ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست دەکات، چونکە بەو ئەنجامەی بەدەستی دەهێنن هاوڕێکانیان دەچەپێنن.

- **پچڕانی وانە لە پۆلدا**

پچڕان لە پۆلدا شێوازی جیاوازی هەیە، لەوانەیە فێرخوازان ژاوەژاو دروست بکەن و نائارام بن لە پۆلدا، هەندێک جار ئەو نائارامییە دەشێت بەهۆی درەنگ هاتنەژوورەوەیان بێت لە پشوو، یان ئامادەنەبوونی مامۆستایە لەکاتی دیاریکراو لە پۆلدا، یاخود بەرپەرچدانەوەیەکی توندی فێرخوازان لەلایەن هاوڕێکانیانە لە کاتی بۆچوونێک، هەموو ئەو پچڕانانە دەتوانن نارەزایی و بێزاری لەناو هاوپۆلاندا دروست بکەن و لەوانەیە وەکوو بوڕکانێکیان لێ بێت و ببێتە هۆی دەمەقاڵێ و ڕووبەڕووبوونەوە. لەو دۆخەدا لەوانەیە دۆزینەوەی ئەو فێرخوازەی بۆتە هۆکاری ئەو پەشێوییە کارێکی سەخت نەبێت، بەڵام ئەو بەدواداچوون و پچڕانە لە پۆلدا دەبێتە هۆی بێزاری بۆ فێرخوازانی دیکە.

- **بەشداری نەکردنی فێرخوازان لە وانەکاندا**

کاتێک فێرخواز لە پۆلدا تەواوی ڕۆژەکە تەنها دادەنیشێت، گوێ دەگرێت و دەنووسێتەوە، لەو بارەدا زۆر ئاساییە کە سەرنجی بڕوات و بەدوای ڕێگەی دیکەدا بگەڕێت بۆ خۆسەرقاڵکردن. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی جیاواز تاوەکوو مامۆستا سەرنجی فێرخوازان ڕابکێشێت هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکیی نێو فێرخوازان.

زۆرجار ناکۆکیی نێوان فێرخوازان، توندوتیژی و چەپاندنی بەدوادا دێت، ئەو جۆرە ناکۆکییە لە فێرگەدا لە باوترین جۆری ناکۆکییە. بۆ چارەکردنی ئەو ناکۆکییە پێویستە گەورەساڵێک، جا چ مامۆستا بێت یان فێرخوازەکی دیکە، بێلایەنانە دەست بخاتە ناکۆکییەکەوە و هەوڵی چارەکردنی بدات.

چەند نموونەیەک بۆ ئەو جۆرە ناکۆکییە: کاتێک فێرخوازەک بێ مۆڵەت دەستکاری کەلوپەلی فێرخوازەکی دیکە دەکات یان نۆرەبڕی دەکات لە دەمی ئاخاوتنی هاوپۆلێک کە خەریکی قسەکردنە. ئەو ناکۆکییانە بچووک و ئاسایی دیارن بەڵام نابێت پشتگوێ بخرێن، چونکە سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکیی گەورەتر.

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە ناکۆکییانەدا پرۆسەیەکی تەواو هەستیارە کە پێویستی بە هاوسۆزەتی و کارامەییەکی باش هەیە لە پرۆسەی چارەی کێشەدا، بەتایبەت لەدەمی توڕەیی و پەستی فێرخوازاندا.

چەندین ستراتیژی جیاواز هەن کە دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ناکۆکی لە پۆلدا، لەوانە:

- ناکۆکییەکان بکەینە دەروازەیەک بۆ فێربوون. ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆک یان ڕۆڵوازییەوە بێت، گرنگە لەبیرمان بێت کە سێرەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ناو فێرخوازان لەسەر یارمەتیدانی فێرخوازان بێت بێت نەوەک سزادانیان، بۆ ئەوەی لە ڕەفتارەکانیانەوە فێر بن و هەمان هەڵە دووبارە نەکەنەوە لە داهاتوودا.

- کاتێک ناکۆکی لەنێوان فێرخوازان سەر هەڵدەدات پێویستە پشتگوێ نەخرێت، پشتگوێخستن یان مامەڵەکردن وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، تەنها وا دەکات ناکۆکییەکە بەرەو خراپتر بچێت و دواتر دووبارە سەر هەڵبداتەوە و دۆخەکە بەرەو خراپتر بچێت، هەنگاوی یەکەمیش بۆ چارەکردنی ناکۆکی **دانپێدانانە**. پاشان دەتوانین هەنگاوی دیکە بنێین بۆ چارەکردنی. کاتێک ناکۆکییەک لە پۆلدا سەر هەڵدەدات وچانێک بگرە و بیر لەو تەکنیکە بکەوە کە بە SOAR ناونراوە:
  - وەستان **S**top
  - چاودێری کردن **O**bserve
  - هەڵسەنگاندن **A**ssess
  - کاردانەوە **R**eact




لە دەمی ناکۆکیدا پێویستە بەپەلە بڕیار نەدەین، بەڵکوو وچانێک بگرین، سەیری ئەو دۆخە بکەین کە ناکۆکییەکە تێیدا ڕووی داوە، پاشان پرسیار لە هۆکاری دروستبوونی ناکۆکییەکە بکەین. دەستنیشانکردنی هۆکاری دروستبوونی ناکۆکییەکە هەنگاوێکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر. دۆزینەوەی چارەی گونجاو لە ڕێگەی بیرۆکەبارانەوە دەبێت، هەر ناکۆکییەک دەکرێت زیاتر لە چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە، پاشان چارەیەکی گونجاو هەڵدەبژێردرێت و پیادە دەکرێت، ئەگەر ئەو چارەیە گونجاو نەبوو چارەیەکی دیکە پیادە دەکرێت. مامۆستا پێویستە خۆی دوور بگرێت لە بەرپەرچی بەپەلە بەرانبەر ناکۆکیی فێرخوازان، لە بری ئەوە پێویستە ئارام بێت و هەموو هەوڵێک بدات بۆ هاندانی فێرخوازان تاوەکوو دانوستان ئەنجام بدەن و بۆ خۆیان بگەنە سازان یان چارەسەر.

**ناکۆکیی نێوان مامۆستا و مامۆستا**

فێرگە وەک ناوەندێکی فەرهەنگی/جڤاکی بەئاسانی ناکۆکی تێدا دروست دەبێت، ئەو ناکۆکییانەش لە نێوان مامۆستایان، کارمەندان و فێرخوازاندا سەر هەڵدەدات. هەندێک لەو ناکۆکییانە دەشێت بوونیان ئاسایی بێت، بەڵام هەندێکیشیان لەوانەیە بۆ هەمیشە زیان بە پەیوەندییەکانی نێوانیان بگەیەنێت.

دەشێت مامۆستایانی ئازموودەش هەندێک جار ترسی وانەگوتنەوەیان هەبێت. ناکۆکی لە فێرگەدا هەر سەر هەڵدەدات بەڵام فێرگە و ناوەندی فێرکاری جیاوازن لە زۆرێک لە پیشە و شوێنی کارکردنی دیکە، بۆیە مامۆستا پێویستە بە خۆڕاگری و ئارامی بمێنێتەوە لەبەردەم فێرخوازاندا.

لێرەدا هەندێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو ناکۆکییە باس دەکەین کە بەشێکیان بەربڵاون، هەروەها باس لەو دۆخانەش دەکەین کە دەبنە هۆی دروستبوونیان، پاشان هەوڵی چارەکردنیان دەدەین.

ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لەناو مامۆستایان لە فێرگەدا ئەمانەن:

- **کورتهێنانی ڕێبەرایەتی لە پێشاندانی پێزانین بۆ مامۆستایان**

کەرتی پەروەردە پێویستی بە هاوکاری و هاوئاهەنگییەکی زۆر هەیە لەنێوان مامۆستایاندا، بۆ ئەوەی ئەو ژینگەیە لە فێرگەدا بڕەخسێت، پێویستی بە دەستەیەکی کارامەیە لە کارگێریی فێرگەکەدا کار بکەن، بەڵام دەبینین ڕێبەرایەتیی زۆرێک لە فێرگەکان کورتیان هێناوە لە هاندان و پێزانین بۆ مامۆستایان و بەهەندگرتنی کاری مامۆستایان. جیاوازی نەکردن لە نێوان ئەو مامۆستایەی کە زۆر پەرۆشە بۆ پیشەکەی لەگەڵ ئەو مامۆستایەی کە پەرۆشی کەمترە، هۆکارێکە بۆ نائاسوودەیی مامۆستا لە کارەکەیدا. هەر کاتێک فێرگە دەستەیەکی بەڕێوەبردنی باشی نەبوو مامۆستایان خۆیان لەناو ناکۆکیی گەورەدا دەبیننەوە لەگەڵ مامۆستایانی دیکەدا.

- **نەبوونی پلانێکی گونجاوی کارگێری**

هۆکارێکی دیکە بۆ دروستبوونی ناکۆکی لە ناو مامۆستایاندا نەبوونی پلانێکی وردی بەڕێوەبردنە، فێرگەش وەک هەر دامەزراوەیەکی دیکە پێویستی بە پلانێکی تۆکمەی کارگێڕی هەیە، ئەو فێرگەی پلانی کورتمەودا و درێژمەودای کارکردنی ڕوون نییە، ژینگەیەکی کاری پەشێو و نائاسوودە بەرهەم دێنێت.

- **جیاوازیکردن لەنێوان مامۆستایان لە ڕووی ئەرک و ماف**

جیاوازیکردن یان نەبوونی دادوەری لە ناو مامۆستایاندا لە ڕووی ئەرک و مافەوە، هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستبوونی ناکۆکی لەناو دەستەی مامۆستایاندا. ڕێبەرایەتی فێرگە دەبێت پێشەمی بدات بە ڕێکخستنی ئەرک و مافی مامۆستایان و دڵنیایی ببەخشێت بە کارمەندانی کە دادوەرانە شایستە دارایی و کەرەستەی فێرکارییان بۆ دابین دەکات و هاوسەنگی دەپارێزێت لە دابەشینی بەشەوانەی مامۆستایان. پابەندنەبوون بەو دادوەرییە، دەبێتە هۆی نارەزایی و پەیدابوونی ئیرەیی لەنێوان مامۆستایاندا.

- **نائاسوودەیی مامۆستایان**

هەموو ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە باس کران کاریگەرییان هەیە لەسەر نائاسوودەیی مامۆستا لە ژینگەی کارەکەیدا، بەڵام هەندێک دۆخیش هەیە کە مامۆستا بەناچاری پیشەی مامۆستایەتی هەڵدەبژێرن، لەبەرئەوەی ڕشتەکەی پەیوەستە بە کاری مامۆستایەتییەوە نەوەک خۆی ئارەزووی ئەو پیشەیە بکات، ئەمە وا دەکات مامۆستا چێژ لەو کارە نەبینێت و بەبێزارییەوە کارەکانی ئەنجام بدات. ئەو مامۆستایانەی کە چێژ لە پیشەکەیان نابینن زۆر جار ناتوانن بەرەوەپێش بچن لە کارەکەیاندا، کارەکەیان وەک ڕۆتینی لێ دێت کە نە خۆیان و نە فێرخوازانیش سوودی تەواو لە وانەکانیان نابینن.

**چۆنەتیی چارەکردنی ئەو ناکۆکییە لە فێرگەدا**

- گرینگترین هەنگاو لە دەمی ئەو ناکۆکییەدا ئەوەیە کە هۆکاری کێشەکە دیاری بکەین، لە زۆر دۆخدا دەشێت لایەنێک پێی وا بێت کە هیچ کێشەیەک ڕووی نەداوە، بەڵام گرینگە هەردوو لا هەمان تێڕوانینان هەبێت، ئینجا دەتوانین بڵێین هیچ ناکۆکییەک لە ئارادا نییە. مامۆستا پێویستە جڵەوی هەستەکانی خۆی بگرێت و بەئارامی بمێننەوە.

- بە کەسەکی وەرنەگرتنی ناکۆکی، گرینگە بڕوای تەواومان بەوە هەبێت کە هەر سەرنج، ڕەخنە یان پێشنیازێک هەیە ڕووی لە کەسایەتی هیچ کەسێک نییە، بەڵکوو بۆ باشترکردنی ڕەوتی کارە. لە دەمی چارەکردنیشدا پێویستە سەرنج لەسەر ناکۆکییەکە بێت، نەوەک کەسایەتیی مامۆستاکە، ئەوکات ئاسانتر دەتوانین هەنگاو بنێین بۆ چارەکردن.

- داوای بژیوان بکەین لە دەستەی کارگێری فێرگە. تەنانەت گەر ناکۆکییەکە زۆر گەورەش نەبێت لە نێوان مامۆستایاندا، زۆرجار پێویست بە بژیوانێک دەکات بۆ نێوەندگیریی کردن. بەشێکی گرینگی ڕۆڵی دەستەی کارگێریی فێرگە ئەوەیە کە وەکوو بژیوان ڕۆڵ ببینن لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان مامۆستایاندا، پیویستە تەواو بێلایەنی خۆشیان بپارێزن.
- ناکۆکییەکان پێویستە لە دەرەوەی پۆل بهێڵرێنەوە و نابێت مامۆستا نیگەرانییەکانی بگوازێتەوە ناو پۆل. بەڵکوو ئەرکی یەکەمی لە پۆلدا ئەوەیە کە ژینگەیەکی گونجاو فەراهەم بکات و هەوڵ بدات بە باشترین شێوە فێرخواز فێر بکات، بۆ ئەو مەبەستەش مامۆستا پێویستە ڕێگە نەدات هەستەکانی کار لە توانای مامۆستایەتیی بکەن.

**ناکۆکیی نێوان مامۆستا و سەرپەرشت**

ناکۆکیی نێوان مامۆستا و سەرپەرشت یەکێکی دیکەیە لەو ناکۆکیانەی کە لە فێرگەدا ڕوو دەدەن، جا ئەو سەرپەرشتە، سەرپەرشتی پەروەردەیی بێت یاخود سەرپەرشتی بەستێنێکی دیاری کراو لە فێرگەدا، زۆر جار

هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو جۆرە ناکۆکییە نەپەژراندنی[6] کەسی سەرپەرشتە لەلایەن ئەو مامۆستایانەوە کە کاری لەگەڵدا دەکەن، ئەوەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە:

- **کەمئەزموونی یان کەمتوانایی سەرپەرشت لە پیشەکەیدا**

کەمتواناییەی کەسی سەرپەرشت هۆکاری دروستبوونی زۆر لە ناکۆکییەکانە لەگەڵ مامۆستایاندا، بۆیە کاتێک کەسێکی تازە وەک سەرپەرشت لە بەستێنێک یاخود قوتابخانەیەک دەست بەکار دەبێت، پێویستە پێشتر بەرچاوڕوونی تەواوەتی پێ بدرابێت لەبارەی ئەرکە تازەکەیەوە و ڕاهێزانیشی پێ کرابێت، هەروەها پێویستە کەسی سەرپەرشت شارەزای هەلومەرجی کارکردنی ئەو شوێنە بێت کە کاری لێ دەکات و پێشوەختە مامۆستاکانیش بناسێت. گرینگە ئەو کەسەی دەبێتە سەرپەرشت بە لایەنی کەمەوە چەند ساڵێک لەو پێگەیەدا بمێنێتەوە تاوەکوو شارەزایی تەواو لە پیشەکەیدا پەیدا بکات و باشتر ئەو کەسانە بناسێت کە کاریان لەگەڵدا دەکات، چونکە ئەمە کۆمەکییەکی باش دەبێت بۆی تاوەکوو کارەکانی باشتر ئەنجام بدات لە داهاتوودا.

- **گوێ نەگرتنی یاخود نەسەلماندنی خواست و داواکاریی مامۆستایان**

گوێ نەدانی مامۆستای سەرپەرشت بەو خواست و داوایانەی کە مامۆستایان هەیانە هۆکارێکی دیکەی دروستبوونی ناکۆکییە، بە تایبەتیش کاتێک ئەو داوایانەی مامۆستایان هەیانە لەپێناو باشتر بەڕێوەچوونی پڕۆسەی فێرکردنی قوتابخانە بێت، بەڵام سەرپەرشت بەشێوەیەکی ناچارەکی داوا لە مامۆستایان دەکات کە پابەندی ئەو بڕیارانە بن کە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە یاخود لە دەستەی کارگێڕی قوتابخانەکەوە دراون.

- **کزی توانای هەڤبەندیی[7] و دانوستانی سەرپەرشت لەگەڵ مامۆستایاندا**

هۆکارێکی دیکەی گرینگ لە دروستبوونی ناکۆکیی نێوان سەرپەرشت و مامۆستا، کزی توانای هەڤبەندی و نەبوونی زمانێکی دانوستانی گونجاوە لە لەگەڵ مامۆستایاندا، کاتێک کەسی سەرپەرشت توانایەکی باشی هەبوو لە دروستکردنی هەڤبەندییەکی پتەو لەگەڵ مامۆستایاندا ئاسانتر دەتوانێت کاریان لەگەڵدا بکات و لە داواکارییەکانیان تێ بگات، ئەمەش کۆمەکییەکی باش دەبێت تاوەکوو لە ڕێگەی ئەو هەڤبەندییەی کە هەیانە بتوانن دانوستانی گونجاو لەگەڵ یەکدی ئەنجام بدەن، چارەدۆزی زۆرێک لەو ناکۆکییانە بکەن کە دێتە ڕێیان.

- **پشتیوانی نەکردنی تەواوی سەرپەرشت لەو مامۆستایانەی کاری لەگەڵدا دەکەن**

زۆر جار سەرپەرشتان ئەوەندەی لایەنگری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە یاخود دەستەی کارگێڕی قوتابخانە دەکەن، ئەوەندە پشتیوانی لە مامۆستایان ناکەن، هەندێک جار ئەو لایەنگری کردنەی سەرپەرشت هۆکارە

---

[6] پەژراندن: دانپێدانان، سەلماندن، اعتراف. نەپەژراندن: دانپێدانەنان، نەسەلماندن

[7] هەڤبەندی: پەیوەندی، نێزیکایەتی، relationship

بۆ سەپاندنی زۆر لەو بڕیارانەی کە لەلایەن پەروەردە یاخود دەستەی کارگێری قوتابخانەوە دەدرێن، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی و دژبەرایەتی لەنێوان سەرپەرشت و مامۆستایاندا.

ئەو هۆکارانەی کە باس کران کاریگەریی[8] نایەتی دروست دەکەن لەسەر دەروونی مامۆستایان، ئەمەش کار دەکاتە سەر فێرکردنی فێرخوازان، بۆیە ئەرکی فێرگە و پەروەردەیە کە مامۆستای کارامە دیاری بکات وەک سەرپەرشت، کە توانای دانوستان و گوێڕادێرانی باشی هەبێت و بتوانێت هەڤبەندیی پتەو دروست بکات لەگەڵ مامۆستایان، تاوەکوو مامۆستایان هەست بە پشتیوانی بکەن، بتوانن بەیەکەوە ئەو ئامانجە بپێکن کە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردەیە لە وڵاتدا.

**ناکۆکیی نێوان مامۆستا و بەڕێوەبەر**

ناکۆکیی نێوان مامۆستا و بەڕێوەبەر زۆر جار کار دەکاتە سەر ژینگەی فێربوون لە فێرگەدا، بەڵام دۆزینەوەی چارەی گونجاو دەتوانێت ناکۆکییەکە لە کێشەیەکی کەسییەوە بگۆڕێت بۆ سازبوونی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا. دروستبوونی ئەو پەیوەندییەش وادەکات کەشێکی[9] ساخلەم بۆ گەشەکردنی فێرخوازان فەراهەم بێت.

ئەو جۆرە ناکۆکییە لە فێرگەدا دەکرێت ناوی بنێین ناکۆکیی دابەشین. مامۆستا دەکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ بەڕێوەبەر و دەستەی ڕێبەرایەتی لەسەر دابەشینی پۆل و ئەو بەشەوانەی کە بۆی دیاری کراوە، چونکە هەست دەکات نادادی بەرانبەر کراوە لە دابەشینی قۆناخ، پۆل و بەشەوانەدا، ئەمە وا دەکات ئارەزوو ناکات یاخود نەیەوێت پابەندی ئەو دابەشینە بێت کە بۆ ڕشتەکەی ئەو کراوە.

هۆکار زۆرن بۆ دروستبوونی ناکۆکیی نێوان مامۆستا و دەستەی ڕێبەرایەتی، ئەوانە لە باوترین ئەو هۆکارانەن کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە ناکۆکییە:

- نەبوونی پێزانین بۆ کاری مامۆستایان
- مەیلی دیکتاتۆرییانەی سیستەمی فێرگەکان لە جێبەجێکردنی ڕێسای نوێ.
- نەبوونی زمانی دانوستانێکی گونجاو لەگەڵ مامۆستایاندا.
- پێوەری نمرەی بەرزی فێرخوازان بۆ هەڵسەنگاندنی توانای مامۆستایەتی.
- جیاوازی لە بیرورا و تێڕوانین لە پرسە جیاوازەکاندا.
- کەمی یان زۆریی ژمارەی فێرخوازان لە پۆلدا.
- سستیی کارکردن لەلایەن بەشێک لە کارمەندانەوە.
- بەرهەڵستیکردنی بەڕێوەبەری گەنج لەلایەن مامۆستایانەوە.
- جیاوازی لە شێوازی پەروەردە و وانەگوتنەوەی مامۆستایان.

[8] نایەتی: نەرێ، سلبی، negative
[9] ساخلەم: تەندروست

- کەمیی بودجەی تەرخانکراو بێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی فێرگە و مامۆستایان

ئەو بودجەی لەلایەن حکوومەتەوە دابین دەکرێت زۆر کەمە، زۆر لە پێداویستییەکانی کاری مامۆستایان پڕ ناکاتەوە، ئەوەش کار دەکاتە سەر ڕەوتی فێرکردن لە فێرگەکەدا و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان مامۆستا و بەڕێوەبەردا.

فێرگەیەک کە ژینگەی پۆلەکانی لە لایەنی لۆجستییەوە (کورسی، مێز، وایتبۆرد، فێنککەرەوە، گەرمکەرەوە و... هتد) گونجاو بێت، دەشێت کەمتر لەو ڕوانگەوە ناکۆکی تێدا دروست بێت.

لێرەدا ئاماژە بە چەند ستراتیژێک دەدەین بۆ چارەکردنی ناکۆکیی نێوان مامۆستا و بەڕێوەبەر:

- هاندان و پێزانین
پێویستە هاندان و پێزانین بۆ مامۆستایان ببێت بە فەرهەنگ لەلایەن دەستەی کارگێریی فێرگەوە، جا ئەو پێزانینە بە پەیامێک، نامەیەک، یاخود سازکردنی ئاهەنگێکی بچووک بێت لە فێرگەوە بۆ ئەم مەبەستە، ئەوە هانی مامۆستایان دەدات بۆ بەرەوپێشچوون و ئەنجامدانی کاری باشتر لە داهاتوودا، بەڵام ئەگەر هاتوو فێرگە هیچ پێزانینێکی نەبوو بۆ کاری مامۆستایان ئەوکات بەرەوپێشچوونی مامۆستایان و فێرگەکە ڕوو لە کزی دەکات.

- زمانی دانوستان
هەبوونی زمانێکی دانوستانی گونجاو، کلیلی زۆرێک لە کێشەکانە. ئەرکی فێرگەیە لە ڕێگەی پلانی تایبەتەوە ڕاهێزان بۆ توانای گشت مامۆستایان بکات، لەوانە هونەرەکانی وەکوو دانوستان و هاوسۆزی.
- هێنانە ناوەوەی بژیوان
هەندێک جار دەگونجێت ئەو ناکۆکییەی هەیە لە نێوان مامۆستا و بەڕێوەبەردا چارە نەکرێت، بۆیە ئاساییە ئەگەر کەسی سێیەم بێتە ناو ناکۆکییەکەوە و بژیوانی بکات لە نێوانیاندا، بژیوانەکە دەشێت مامۆستایەک بێت لە هەمان فێرگە یان بەڕێوەبەرێک بێت لە فێرگەیەکی دیکە کە ڕووبەڕووی هەمان کێشە بووبێتەوە لە فێرگەکەی خۆیدا.
- هاوکاری و هەماهەنگی.
فێرگە دامەزراوەیەکی جڤاکییە، بۆیەش پێویستە گشت مامۆستایان هاوکار و یارمەتیدەری یەکتری بن لە پێناو بەرەوپێشبردنی فێرگەکەدا.

نموونە: سانا مامۆستای ڕشتەی بیرکارییە، پارساڵ لە پۆلی دووهەم وانەی دەگوتەوە، دوو ساڵ لەگەڵ فێرخوازانی پۆلەکەی خۆیدا بووە و باش دەیانناسێت، [10]سەرشاری هەریەک لە فێرخوازەکانیش دەزانێت، بۆیە خوازیارە کە لەگەڵ فێرخوازەکانی خۆیدا هەڵبکشێت بۆ پۆلی سێهەم و بەردەوام بێت لەگەڵیان، بەڵام لە

[10] سەرشار: خاڵی دەستپێک ( ئاستی زانستی فێرخواز )،

سەرەتای ساڵدا پێیان گوتووە کە پۆلەکەی دیکە مامۆستای بیرکاریيان نییە، بۆیە پێویستە ئەو بچێت و وانەیان پێ بڵێت. مامۆستا سانا حەز ناکات بچێت، بۆیە پۆلەکە هەفتەیەکە وانەی بیرکارییان نەخوێندوە.

لێرەدا پێویستە بەڕێوەبەر بۆ مامۆستا سانای ڕوون بکاتەوە کە ڕاستە ئەو حەز دەکات لەگەڵ فێرخوازەکان بەردەوام بێت، بەڵام پۆلی دیکەش هەیە کە پێویستییان بە مامۆستایەکی بە ئەزموونی وەکوو مامۆستا سانا هەیە.

**ناکۆکیی نێوان مامۆستا و دایباب**

فێرخوازان لە ژینگە و خێزانی جیاوازەوە ڕوو لە فێرگە دەکەن، ئەو جیاوازییانەش زۆرجار هۆکارن بۆ دروستبوونی ناکۆکی، هەندێک لە ناکۆکییەکان ئاسایین و هانی بەرەوپێشچوون دەدەن، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان دەشێت ببنە هۆکاری پاشەکشێ لە پرۆسەی پەروەردەدا. زۆر جار هۆکاری سەرەکیی ئەو ناکۆکییە جیاوازییە لە دیدی خێزان بۆ فێرگە و ئەو ئامانجەی کە مامۆستا هەیەتی بۆ فێرخواز.

ئەو جۆرە ناکۆکییە کاتێک قووڵ دەبێتەوە کاتێک هەردوو لا ئامادەی دانوستان نەبن. دەتوانین بڵێین ئەو جۆرە ناکۆکییە دوو ڕەهەندە، گەر مامۆستا سەرچاوەی ناکۆکییەکە بێت واتە مامۆستا دەرفەتی دانوستان بە خێزان نەدات و پێی وابێت ڕاست هەر ئەوەیە کە ئەو دەیڵێت چونکە مامۆستایە، لێرەدا پێویستە فێرگە خولی تایبەتی هەبێت بۆ ڕاهێزانی توانای مامۆستایان دەربارەی [11]دانوستانی خاس و گوێڕادێرانی چالاکانە بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت [12]سازوسەودای گونجاو لەگەڵ خێزاندا ئەنجام بدات، ئەمەش خێزان هان دەدات کە بەدەم داواکارییەکانی مامۆستا و فێرگەوە بێن و هەر دوولا بەیەکەوە هەوڵ بدەن بۆ بەرەوپێشبردنی توانای فێرخوازەکە لە ڕووی ڕەفتاری و زانستییەوە.

ئەگەر هاتوو سەرچاوەی ناکۆکییەکە خێزان بوو، مامۆستا پێویستە دانیشتنی تایبەت لەگەڵ ئەو خێزانەدا ئەنجام بدات، بە زمانێکی سەنگین ئەو داواکارییەی کە هەیەتی بە خێزانەکەی بگەیەنێت، هەروەها مامۆستا پێویستە بەڵگە و نیشانەی دیار و ڕوون بخاتە ڕوو لەبارەی فێرخوازەکەوە تاوەکوو بتوانرێت کۆمەک بکرێت هەم لەلایەن خێزان و هەمیش لە لایەن مامۆستاوە.

لە هەندێک باردا سەردانیکردنی ماڵی فێرخوازان لەلایەن مامۆستاوە لەوانەیە بژاردەیەکی باش بێت، تاوەکوو مامۆستا لە نێزیکەوە ئاگەداری دۆخ و باری خێزانیی ئەو فێرخوازە بێت و بتوانێت لەو ڕێگەیەوە لایەنی ڕەفتاریی فێرخوازەکە بەرەو باشتر ببات، ئەوکاتە خێزانیش دەرکی پەرۆشیی مامۆستا دەکات و باشتر هاوکاری فێرگە و مامۆستا دەبن.

هۆکاری زۆر هەیە بۆ دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان مامۆستا و خێزاندا، ئەمانە باوترینیانن:

- شێوازی وانەگوتنەوە و بەشداری پێکردنی فێرخوازان لە لایەن مامۆستاوە.

  هەر مامۆستایەک هونەر و شێوازی وانەگوتنەوەی تایبەت بەخۆی هەیە، کە جیاوازە لە مامۆستایەکی دیکە، زۆر جار خێزانی فێرخواز ڕازی نین بەو شێوازە نوێیەی کە مامۆستا پیادەی دەکات لە پۆلدا (بەتایبەت ئەگەر مامۆستاکە پیادەی شێوازی یاری کردن، چیرۆک و ڕۆڵوازی...هتد) بێت و زیاتر

[11] دانوستانی خاس: دانوستانی گونجاو
[12] سازوسەودا: بێنەوبەرە، مامەڵەت، گفتوگۆ

بڕوایان بەو شێوازە کلاسیکییە هەیە کە خۆیان لە ڕێیەوە فێربوون یاخود فێرخوازەکەیان لەو ڕێگەوە لە مامۆستای دیکەوە فێری بووە، بۆیە پێشنیاز بۆ مامۆستا دەکەن کە شێوازی وانەگوتنەوەی بە فێرخوازان بگۆڕێت و بەشداری زیاتریش بە منداڵەکەیان بکات، هەرچەندە مامۆستا سەرنج و بۆچوونی خێزانەکانی بەلاوە گرینگە، بەڵام پیادەکردنی میتۆد و شێوازی وانەگوتنەوە، ئەرکێکە کە مامۆستا لە پۆلدا بەپێی توانا و حەزی فێرخواز بڕیاری لێ دەدات، هەروەها سێرەی سەرەکی مامۆستا لەسەر ئەوەیە کە هەموو فێرخوازان پێویستە وابەستەی وانەکەبن و هیچ فێرخوازێک پەراوێز نەخرێت.

- نەبوونی پەیوەندیی باش لەگەڵ خێزانی فێرخوازان.

کزیی پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خێزان هۆکاری زۆربەی کێشەکانە، لەوانەیە خێزان ئەو پەیامەی کە مامۆستا بۆی دەنێرێتەوە لای ڕوون نەبێت، یاخود فێرخوازەکە پەیامی مامۆستا بە هەڵە بگەیەنێت بە ماڵەوە. لەو دۆخەدا ئەگەر پەیوەندییەکی باش لە نێوان خێزان و مامۆستادا نەبێت دوور نییە ناکۆکی دروست بێت. هەبوونی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان خێزان و مامۆستادا یارمەتیی بەرەوپێشچوونی فێرخوازەکە دەدات، هەروەها کۆمەکی مامۆستا و خێزان دەکات بۆ ئاگەداربوون لە هەر شتێک کە ڕوو بدات، جا لە ماڵەوە بێت یان لە فێرگە. هەروەها مامۆستا پێویستە خێزان ئاگەدار بکاتەوە لەو بابەتانەی کە دەیخوێنن، تاوەکوو خێزان بتوانێت لە ماڵەوە هاوکاریی منداڵەکەی بکات.

- فێرخوازی ئاستجیاواز لە پۆلدا.

شتێکی چاوەڕوان کراوە کە خێزان هەڵوەستە بکات کاتێک منداڵەکەیان لە وانەکان تێ ناگات. هەرچەندە گرفتەکە مامۆستاش نەبێت، بەڵکوو سەختیی بابەتەکان یان کەمتوانایی فێرخوازەکە بێت، بەڵام هەندێک جار خێزان هەر مامۆستا بە هۆکار دەزانێت بۆ ئەو گرفتە. ئەوە دۆخێکی تەواو ئاساییە کە گشت فێرخوازان وەکوو یەک فێر نەبن، چونکە توانای هزری هەر کەسێک جیایە لە یەکێکی دیکە و دەشێت هەندێک فێرخواز پێویستیان بە کاتی زیادتر بێت تاوەکوو لە بابەتێک تێ بگەن.

دەگونجێت لە پۆلدا فێرخوازی تێدا بێت کە [13]خاوهەنگاو بێت لە فێربوون، ئەمەش بەهۆی کێشەی تەندروستی و لاوازیی گەشەی هزرییەوەیە، ئەمانە پێویستییان بە هاوکاریی زیاتر هەیە لەلایەن مامۆستا و خێزانەوە.

ئەو فێرخوازانە پێویستیان بە «پلانێکی کەسەکیی فێرکردن» Individual Education Plan (IEP) هەیە و دەبێت جیا بکرێنەوە و بەتایبەت وانەیان پێ بگوترێت، تاوەکوو کۆمەکیان بکرێت و باشتر فێر ببن، هەروەها پێویستە خێزانیش لە دۆخی منداڵەکانیان ئاگەدار بن بۆ ئەوەی بتوانن هاوکاریی مامۆستا بکەن.

[13] خاوهەنگاو: کەسێک کە کێشەی سستی فێربوونی هەبێت.

ڕێگەکانی کەمکردنەوەی ناکۆکیی نێوان مامۆستا و خێزان ئەمانەن:

- باشکردنی پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خێزان

خێزان پێویستی بەوە هەیە کە ئاگەداری سنووری هاوکاریی و هاوئاهەنگی بن لەتەک مامۆستا، دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ خێزاندا، دەتوانێت کۆمەکییەکی باشی مامۆستا بکات لە کارەکەیدا، بەمەش هەر دوولا هەوڵی بەرەوپێشبردنی توانای فێرخوازان دەدەن.

- دانانی پلانی ورد لە دەستپێکی ساڵدا بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی فێرخوازان

مامۆستا دەکرێت لە دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن [14]نەخشەڕێی ئەو پلانەی هەیەتی بۆ ساڵەکە، بۆ خێزانی بخاتە ڕوو و بۆیان ڕوون بکاتەوە کە خێزان چۆن دەتوانن هاوکار بن بۆ پێکانی ئەو ئامانجەی کە دیاری کراوە.

- بە کەسەکی وەرنەگرتنی نارەزایی و گازندەی خێزان، خاڵی گرینگ لە ڕووبەڕووبوونەوەی مامۆستا و خێزان، ئەوەیە کە کێشەکە بەکەسەکی وەرنەگیرێت، چوونکە ئامانجی هەردوولا کۆمەکیکردنی فێرخوازە، مامۆستا گرینگە فیدباکە نایەتییەکانی خێزانیش وەربگرێت و هەوڵ بدات بۆ بەرەوپێشچوونی خۆی بەکاریان بهێنیت.

- تێگەیشتن لە خێزانی فێرخوازان و سازشکردن
هەوڵ بدەین لە خێزانی فێرخوازان تێ بگەین و هەندێک جار ئەگەر پێویست بوو سازش بکەین لەو بۆچوونەی کە هەمانە.

- ئامانج گرینگە
ئامانجی کۆتایهێنان بە هەر ناکۆکییەک، سازانە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا. واتە هەردوولا لەسەر بڕیارێک ڕێک بکەون بۆ بەرەوپێشبردنی دۆخی فێرخوازەکە. کاتێک باس لە ناکۆکیی نێوان مامۆستا و خێزان دەکەین، گرینگە کە گفتوگۆی کراوە ساز بکرێت و هەوڵ بدەن ڕیشەی ناکۆکییەکە بدۆزنەوە و بەیەکەوە بەرەو چارە هەنگاو بنێن.

- داوای یارمەتیکردن لە دەستەی کارگێڕیی فێرگە
هەندێک جار ناکۆکیی نێوان مامۆستا و خێزان بەرەو ئاراستەیەک دەڕوات کە چارەکردنی بەبێ [15]نێوانساز ئاسان نییە، نێوانساز لەو دۆخەدا دەتوانێت دیدێکی نوێ و ڕێگەیەکی شیاو بەکار بهێنێت بۆ چارە، بەتایبەت ئەگەر هەردوولا گیریان خواردبێت و نەتوانن بەرەو چارەکردنی ناکۆکییەکە هەنگاو

[14] نەخشەڕێ: پلانی گشتی بۆ سەلەبەری ساڵەکە.
[15] نێوانساز: ناوبژیوان، بژیوان

بنێن، بژیوانەکە دەکرێت ئەندامێکی دەستەی کارگێریی فێرگەکە بێت، کە دەشێت پێشتر ئەزموونی ناکۆکی لەو جۆرەیان کردبێت و بتوانن چارەسەری گونجاو بۆ ناکۆکییەکە بدۆزنەوە.

- بنیادنانی فەرهەنگێکی پتەو لە فێرگەدا بۆ چارەی کێشە

دروستکردنی فەرهەنگێکی بەرپرسانە ئەرکی فێرگەیە، پێویستە لە فێرگەدا سێرەی تەواو بخرێتە سەر فێرکردنی شێوازی چارەی کێشە و هانی فێرخوازان بدرێت کە خۆیان هەوڵی چارەکردنی کێشەکانیان بدەن نەوەک بۆ هەموو کێشەیەک بگەڕێنەوە لای مامۆستا. فێرکردنی ئەم هونەرانە کۆمەکی فێرخواز دەکات لە دۆخی ناکۆکیدا پشت بە خۆی ببەستێت و پەنا بباتە بەر ئەو هونەری چارەکردنانەی کە فێری بووە، بەمەش وادەکات کەمترین نیگەرانی فێرخوازان بێتەوە ناو پۆل و خێزانیش ناچار نابێت دەست وەربداتە ئەو ناکۆکییانەی فێرخوازەکەی لە فێرگەدا ڕووبەرووی دەبێتەوە.

## پاژی دووهەم

## نێوانسازی لە چارەی ناکۆکییدا

هەر ناکۆکییەک کە دروست دەبێت بە چەند شێوازێک چارە دەکرێت، گونجاوترین شێوازی چارەکردن ئەوەیە کە لایەنە ناکۆکەکان خۆیان هەوڵ بدەن لەگەڵ یەکتر دابنیشن، دانوستان بکەن و لە ڕێگەی دانوستانی نێوانیانەوە خۆیان بگەنە ڕێکەوتن. بەڵام ئەگەر لایەنە ناکۆکەکان نەیانتوانی یاخود مەیلیان لێ نەبوو لەگەڵ یەکتریدا گفتوگۆ بکەن، ئەوکاتە پێویستە نێوانسازێک بێتە نێوانیان و هەوڵ بدات نێوەندگیری بکات لەنێوانیاندا و دانوستانی نێوانیان ببوژێنێتەوە، لەو ڕێگەیەوە بەیەکەوە بگەنە ڕەگی ناکۆکییەکە و چارەی گونجاو بۆ ناکۆییەکە بدۆزنەوە. ئەگەر هاتوو ناکۆکییەک پەرەی سەند، وشەی ڕووشکێن و توندوتیژی لێ کەوتەوە، ئەوە بە هەر جۆرێک بووە پێویستە ناکۆکییەکە ڕابگیرێت، دەرفەت بە لایەنە ناکۆکەکان بدرێت تاوەکوو هێور دەبنەوە ئینجا پێویستە نێوانسازێک بێتە نێوانیان و نێوەندگیری بکات لە نێوانیاندا و چارەی گونجاو دەستنیشان بکەن بۆ ئەو ناکۆکییەی کە ڕووی داوە.

ئەوە ڕوونە کە زۆر لەو ناکۆکییانەی کە ڕوو دەدەن پێویستیان بە نێوانساز (ناوبژیوان) هەیە، چونکە لایەنە ناکۆکەکان توانای دانوستانی گونجاویان نییە، یاخود نایەنەوێت دانوستان لەگەڵ یەکتردا بکەن، بۆیە نێوانساز ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەو ناکۆکییانەدا.

نێوانسازی پرۆسەیەکی بێلایەنە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا دەکرێت، ئەم پرۆسەیە یارمەتیی لایەنەکان دەدات تاوەکوو بتوانن چارەی ناکۆکیی نێوان خۆیان بکەن. نێوانساز یارمەتیی کەسانی دیکە دەدات تاوەکوو زاڵ بن بەسەر ناکۆکیدا، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی دانوستانی گونجاو و گوێڕادێرانی چالاکەوە.

لە نێوانسازیدا پێویستە بە یەکسانی گوێ لە لایەنە ناکۆکەکان بگیرێت تاوەکوو بۆچوونی خۆیان دەرببڕن و تێگەیشتنی خۆیان لە ناکۆکییەکە باس بکەن، هەروەها ڕێز لە بۆچوونی بەرانبەریش بگرن.

نێوانسازیی پێویستە بێلایەن بێت، واتە کەسی نێوانساز لایەنگری هیچکام لە لایەنەکان نەکات، هەردوو لا وەکوو یەک سەیر بکات و دەرفەتی گفتوگۆی یەکسانیان بۆ برەخسێنێت، هەوڵیش نەدات ناکۆکییەکە بکات بە هی خۆی، بەڵکوو پێویستە لە ڕێگەی دانوستان و گوێڕادێرانەوە هاوکاریی لایەنە ناکۆکەکان بکات و ژینگەیەکی وا فەراهەم بکات کە چارەی ناکۆکی تێیدا ئاسان بێت. هەروەها پێویستە دەرفەت بۆ لایەنەکانی ناکۆک واڵا بکات بۆ ئەوەی باسی ئەو ناکۆکییە بکەن کە هەیانە و هەوڵ بدەن بەیەکەوە لەسەر ئەو چارەیە ڕێک بکەون کە پەسەندی هەردوو لایەنە.

نێوانسازی هونەرێکی گرینگە لە پرۆسەی فێرکاریدا چونکە زۆرجار لایەنە ناکۆکەکان ئەوەندە ڕسکاو نین تاوەکوو بتوانن لەڕێی دانوستانەوە بۆ خۆیان چارەی ناکۆکییەکانی نێوانیان بکەن، هەر لەبەرئەوەیە ڕۆڵی نێوانساز دێتە پێشەوە، جا ئەو نێوانسازە، مامۆستایە، فێرخوازەیان گەورەساڵێکی جێمتمانەیە.

چەند یاسایەکی بنچینەیی لە پرۆسەی نێوانسازیدا:

- سووکایەتی و بێڕێزیکردن یاساخە
- ڕوونکردنەوەی کێشەکان بە شێوەیەکی بڕواپێکراوانە
- لایەنەکان ڕازی بن ڕێز لە یەکتری بگرن
- ڕێزگرتن لە هەستەکانی یەکتری

- گوێڕادێرێت بەبێ ئەوەی لێکدانەوە بکرێت بۆ پەیڤی گوتراو
- نۆرەبری نەکردن کاتی قسەکردنی لایەنی بەرانبەر
- لایەنەکان تەنیا قسە لەناو خۆیاندا دەکەن
- هەر کەسێک بەرپرسە لەو وتە و کردرانەی کە ئەنجامی دەدات

**قۆناخەکانی نێوانسازی لە ناکۆکییدا**

نێوانسازی بەگشتی لە چەند قۆناخێک پێک دێت کە لە هەر هەنگاوێکدا نێوانساز ڕۆڵی کارا دەگێڕێت بۆ ئەوەی ئاراستەی ناکۆکییەکە ڕووەو چارەکردن ببات. گرینگیی هەریەک لەو هەنگاوانە لەو مامەڵەتەدا دەردەکەوێت کە کەسی نێوانساز دەیگرێتەبەر لەو دەمەدا. کەسی نێوانساز کۆمەکی لایەنە ناکۆکەکان دەکات لە دۆزینەوەی چارەسەر، ئەویش بە پێشکەشکردنی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەکردنی ناکۆکییەکە.

قۆناخەکانی نێوانسازی دابەش دەبێت بەسەر چەند قۆناخێکدا، هەر یەک لەو قۆناخانە کۆمەکی کەسی نێوانساز دەکات کە ڕۆڵی کارا بگێڕێت و پێویستە کەشێکی هاوڕێیانە و بنیاتنەرانە بسازێنێت. لە دەمی نێوانسازیدا، پێویستە لەگەڵ لایەنە ناکۆکەکاندا بگونجێت، یاسا و ڕێساکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە، ڕێگەیان بدات پرسیار بکەن و هەریەکەیان چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە، تاوەکوو هەنگاونان بەرەو چارەی ناکۆکییەکە ئاسان بێت.

ئەو قۆناخانەی نێوانسازی تێدا دەکرێت دابەش دەبن بەسەر چوار قۆناخدا کە ئەمانەن:

**قۆناخی یەکەم: باسکردنی کێشەکە**

دەستتێوەردانی [16]دەمودەست لە ناکۆکییدا یارمەتیی کەمبوونەوەی کاریگەریی ناکۆکییەکە و توندوتیژی دەدات، زۆر لە مامۆستایان و سەرپەرشتان پێیان باشە ئاگەداری کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکی بن، بۆ ئەوەی بتوانن زووتر دەست بە پرۆسەی نێوانسازی بکەن. زۆر جار ناکۆکییەکان بە تێپەڕبوونی کات خراپتر دەبن، لەبەرئەوەیە دەستێوەردانی زوو یارمەتیی نێوانساز دەدات هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکییەکە بزانێت و جڵەوی دۆخەکە بگرێتەدەست و لەو ڕێگەیەوە ڕێ لە تاودانی ناکۆکییەکە بگرێت نەهێڵێت بەرەو توندوتیژی بچێت و دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە.

لەم هەنگاوەدا نێوانساز بانگهێشتی هەر لایەنێک دەکات تاوەکوو بەجیا لەگەڵیان دابنیشێت، پێویستە شوێنی گونجاو بۆ دیدارەکە دیاری بکرێت و نەبێتە هۆی سەرقاڵکردنی ئەندامانی دیکە. پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە، پێویستە هەردوو لایەنی ناکۆک ئاسوودە و ئارام بن.

هەمان کاتی دیاریکراو بدات بە هەر لایەنێک بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆیان بێ پچڕان دەرببڕن. ئامادەی دەستتێوەردان بێت گەر هاتوو لایەنێک ویستی شەڕانگێزیی هەبوو. لەم قۆناخەدا نێوانساز گوێگرێکی باش دەبێت بۆ هەردوو لایەنەکە، ئەم گوێڕادێرانە کۆمەکی نێوانساز دەکات ڕەگی ناکۆکییەکە بدۆزێتەوە و ئامادە بێت بۆ پێشکەشکردنی چارەسەر.

[16] دەمودەست: زوو، لە هەمان کاتدا

پێویستە لایەنەکان ڕێز لەیەک بگرن. ئامانج لێرەدا چارەسەرکردنی کێشە و گەیشتنە بە خاڵی ڕێککەوتن. بۆ گەیشتنیش بەو ئامانجە پێویستە نێوانساز هانی هەردوولا بدات کە قسەی خۆیان بکەن و بۆچوونی خۆیان دەرببڕن، هەر لایەنێک هەست بکات گوێی لێ گیراوە و بۆچوونەکانی بەهەند گیراون.

کەسی نێوانساز دەکرێت لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە بگاتە ڕەگی ناکۆکییەکە، کە ئەمانەن:

- چیی ڕووی دا؟
- ڕووبەڕووی چی بوویتەوە؟
- لە کوێدا کێشەکەت بینی؟
- سەرچاوەی ناکۆکییەکە چی بوو؟
- ڕووبەڕووی چ ئاستەنگێک بوویتەوە؟
- چ شتێک ناکۆکییەکەی بۆ دروست کردیت؟
- چ هەستێکت بۆ دروست بوو؟

### قۆناخی دووەم: بیرۆکەبارانەی چارە[17]

لەم قۆناقەدا هەردوولا بیرۆکەبارانە دەکەن بۆ دۆزینەوەی چارە، هەر لایەنێک پێشنیازی ئەو چارەیە دەکات کە بەلایەوە پەسندە، هەروەها سەرنج بدە کە لە کوێدا بۆچوونەکان هاوشێوەن، ئاگەداریان بکەوە لەو بۆچوونانەی کە هەردوولا لەسەری کۆکن، یارمەتییان بدە بۆ دۆزینەوەی خاڵی ڕێککەوتن. ئەم هەنگاوە یارمەتییان دەدات بۆ بەهێزبوونی متمانە، لەبەرئەوەی چارەسەرێکی ڕاستینە بۆ ناکۆکییەکە بەردەستە.

هانی هەردوولا بدە بۆ ئەوەی دیدی یەکتر ببینن، زۆرجار هۆکاری دروستبوونی ناکۆکی کەمتوانایی کەسێکە لە خوێندنەوەی دیدی بەرانبەر، لێرەدا ستراتیژی کاریگەر بۆ چارەی ناکۆکی ئەوەیە کە هەر لایەنێک ئەوەندە کونچکاو[18] بێت بتوانێت لە دیدی بەرانبەر تێ بگات. کاتێک لایەنەکان تێ دەگەن کە بەشێوەیەکی هاوبەش کار دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک، دیدیان دەگۆڕێت لە هەوڵدان لە دژی یەکتری بۆ کارکردنی بەیەکەوە بۆ گەیشتنە چارەسەر.

پرۆسەی بیرۆکەبارانە بە مەبەستی بنیاتنانی باشترین بژاردە ئەنجام دەدرێت، هاندانی دەربڕینی بۆچوون و خواستی جیاواز دەدرێت، لە ڕێگەی دیاریکردنی چارەسەرەکانەوە مەزەندەی داهاتوویەکی گەش دەکرێت. لەم قۆناخەشدا دەکرێت چەند پرسیارێک لە لایەنە ناکۆکەکان بکرێت:

- ئێستا چی ڕوو دەدات؟
- چ هیوایەکت هەیە ئێستا؟

[17] بیرۆکەبارانە: Brainstorming، پرۆسەی وەرگرتنی بیرورایە، کەهەموو کەسێک تێیدا بەشدار دەبێت.
[18] کونچکاو: پرسن، فرەپرس، وریا (کەسێک کە پرسیاری زۆر لەبارەی شتەوە بکات).

- باشترین چارەسەر چییە لای تۆ؟
- پێشبینی چ جۆرە پەیوەندییەک دەکەیت لەگەڵ لایەنی بەرانبەر لە داهاتوودا؟

**قۆناخی سێهەم: دیاریکردنی چارەسەر**

کاتێک هەردوو لایەن دەست دەکەن بە یەکخستنی بۆچوونەکانیان و هەست بە ئامادەیی دەکەن بۆ ڕێککەوتن لەسەر هەڵوێستەکانیان، تیشک دەخەنە سەر داهاتوو وەک لە ڕابردوو. ئەمە بە واتای ئەوە دێت لایەنەکان مەبەستیانە چارەسەری ناکۆکییەکانیان بکەن. بۆ ئەم مەبەستە هەردوولا ڕێک دەکەون لەسەر هەڵبژاردنی چارەیەک تاوەکوو بتوانن چارەی ئەو ناکۆکییە بکەن کە لە نێوانیاندایە. هەروەها دەتوانیت داوا لە هەردوو لایەن بکەیت ئەو بیرۆکانە لەگەڵ یەکدیدا بەش بکەن کە پێیان وایە چارەی ڕیشەیی ناکۆکییەکەیان دەکات.

قۆناخی ڕازیبوون لەسەر چارەسەرێکی گونجاو، کارکردنە لەسەر بەهای بەرز، هانگاونانی کرداری، تا لەو ڕێگەیەوە هەردوولا پێشبینی داهاتوویەکی گەش بکەن:

- دەتوانیت چی بکەیت لەم دۆخەدا؟
- پێشبینیی چی لە کەسانی دیکە دەکەیت؟
- دەتوانیت چ هەنگاوێکی کرداری بنێیت؟
- هەردوو لاتان ئامادەی چین بیکەن؟
- چۆن دەیکەن و هەر یەکەتان چی دەکەن؟

**قۆناخی چوارەم: بەدواداچوون و فیدباک**

قۆناخی کۆتایی لە پرۆسەی نێوانسازیدا جێبەجێکردن و بەدواداچوونی بەردەوامە، ڕۆژانە، هەفتانە، مانگانە و دواتریش. لەم قۆناخەدا دەردەکەوێت کە لایەنەکان تا چەند پابەندی ئەو ڕێکەوتنە بوون کە لەگەڵ لایەنی بەرانبەر داویانە. دوای کۆتابوونی ناکۆکییەکەش دەکرێت دیدارێکی دۆستانە بۆ هەردوولا ڕێک بخرێت بەمەبەستی پتەوبوونی زیادتری هەڤبەندیی نێوانیان.

ئەگەر هاتوو لایەنێک پابەندی ئەو ڕێککەوتنە نەبوو کە پێشتر لەگەڵ لایەنی بەرانبەر داویەتی، ئەوە پێویستە بەجیا بانگهێشت بکرێت و ئاگەدار بکرێتەوە.

دەشێت ئەو چەند پرسیارە و هی دیکەش، یارمەتیدەر بن لەو قۆناخەدا تاوەکوو نێوانساز بزانێت تا چەند چارەسەرەکە جێی گرتووە و لایەنەکان پابەندی ئەو ڕێککەوتنە بوون کە داویانە.

- هەنگاوەکانی چارە کاریگەییان چی بوو؟
- ئایا باش بوون؟
- چی بکرێت بۆ ئەوەی باشتر بێت؟

## نێوانساز (ناوبژیکار) کێیە؟

نێوانساز ئەو کەسەیە کە دێتە نێوان لایەنە ناکۆکەکان و نێوانسازی دەکات لە نێوانیاندا. کەسی نێوانساز پێویستە بێلایەنانە نێوانسازی بکات لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا، واتە نەکەوێتە لایەنگری، هەروەها پێویستە دەرفەتی یەکسان بۆ هەر لایەنێک بڕەخسێنێت و گوێیان لێ بگرێت. نێوانساز زۆرجار مامۆستا، گەورەساڵ یان هاوتەمەنێکە. کەسی نێوانساز پێویستە چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت تاوەکوو بتوانێت نێوانسازییەکی باش بکات لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا:

- نێوانساز پێویستە ڕێز لە تاکەکان و بەسەرهاتەکانیان بگرێت، هەروەها جیاوازییەکانی لایەنی بەرانبەر پەسەند بکات لە ڕووی، کلتوور، ئاین، نەریت، بەها و ئاستی خوێندن.
- نێوانساز پێویستە ئاگادار بێت لە ڕۆڵی خۆی لە ناکۆکییدا، چ شتێک ڕەوایەتیی دەداتێ یان ناچاری دەکات کە نێوانسازی بکات؟ ئایا ئەوە خوو و نەریتە، ئاکارە، خێزانە، دەسەڵاتە، پیشەیە، پسپۆڕییە، یان پێگەیە؟ ئایا لایەنە ناکۆکەکان هەڵیان بژاردووە تاوەکوو ببێتە نێوانساز یان خۆی ویستوویەتی بچێتە ناو ناکۆکییەکەوە.
- نێوانساز پێویستە لایەنگری هیچکام لە لایەنە ناکۆکەکان نەکات و ڕۆڵی بێلایەنێک بگێڕێت لە ناکۆکیدا، ناشبێت ناکۆکییەکە بکات بە هی خۆی ئەگەر خۆی خاوەنی ناکۆکییەکە نەبێت.
- نێوانساز پێویستە گوێڕادێرێکی باش بێت و ڕێگە بە لایەنەکانی ناکۆک بدات کێشەی خۆیان باس بکەن، لە هەست و پێداویستیی لایەنەکان تێ بگات و تا لەو ڕێگەیەوە هەوڵ بدەن چارەسەری گونجاو بدۆزنەوە.
- نێوانساز پێویستە تەواو توانا بێت و زانیاری تەواوی هەبێت لە چارەکردنی ناکۆکیدا، واتە شارەزای مۆدێل و ستراتیژەکانی تایبەت بە چارەی ناکۆکی بێت، بزانێت کامە مۆدێل پیادە دەکات لە دەمی ناکۆکیدا، تاوەکوو بتوانێت لەو ڕێگەیەوە هانی لایەنە ناکۆکەکان بدات کە بۆ خۆیان بیرۆکەبارانەوە بکەن و بگەنە ئەو چارەیەی کە گونجاوە بۆ ناکۆکییەکە.

## ڕۆڵی نێوانساز چییە؟

ڕۆڵ و ڕەفتاری گشتی نێوانساز زۆر گرینگە بۆ نێوانسازییەکی سەرکەوتوو. ئادەم کێرڵ Adam Kerl، یەکەم سەرۆکی لێکۆڵینەوەکانی ئاشتی لە زانکۆی برادفۆردی بەریتانیا (1973) کە توێژینەوەیەکی فراوانی لەبارەی ناکۆکی ئەنجام داوە، چوار ڕۆڵی سەرەکیی نێوانساز لە ئەنجامدانی ئەرکەکەیدا دیاری دەکات کە ئەمانەن:

1. نێوانساز کار دەکات بۆ دروستکردن، پاراستن و باشترکردنی پەیوەندیی نێوان لایەنە ناکۆکەکان.
2. نێوانساز ئاسانکاری بۆ چارەی پێویست دەکات لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا.
3. پێویستە نێوانساز لە پرۆسەی نێوانسازیدا "هاوڕێ" بێت لەگەڵ لایەنە ناکۆکەکان، لە پێناو بەهێزکردنی متمانە و بنیاتنانی ژینگەیەکی ئاسوودەدا.
4. نێوانساز پێویستە چالاک بێت لە ئەنجامدانی ئەرکی خۆیدا و بتوانێت دانوستانێکی هاوبەش ساز بکات لەنێوان لایەنەکاندا.

جگە لەو چوار ڕۆڵەی نێوانساز کە باس کران، دەکرێت نێوانساز ڕۆڵی دیکەشی هەبێت:

- نێوانساز یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی ساخلەم کە لایەنەکان بتوانن بە شێوەیەکی کراوە و ڕێزدارانە باس لە ناکۆکییەکانیان بکەن، شارەزایی تەواوی هەبێت لە کارامەییەکانی دانوستان، گوێڕادێران، هاوسۆزی و چارەی کێشەدا.

## نێوانسازی لە فێرگەدا

فێرگە دامەزراوەیەکی جڤاکییە، بەهۆی کۆبوونەوەی فێرخواز و مامۆستا لە ژینگە، کلتوور و خێزانی جیاوازەوە وەکوو مەڵبەندێکە بۆ سەرهەڵدانی جۆرەها ناکۆکی و ململانێ، لەبەرئەوەی ناکۆکی بەشێکی دانەبڕاوی فێرگەیە. فێربوونی شێوازی مامەڵەتکردن و چارەکردنی ئەو ناکۆکییانە وەکوو ئەرکێک دەبینرێت، لەبەرئەوە فێرگە پێویستە پرۆگرام، خول و سەمیناری تایبەت بە کارامەییەکانی وەکوو «دانوستان، هاوسۆزی، خۆئارامکردنەوە، چارەی کێشە و ناکۆکی و نێوانسازی» هەبێت تاوەکوو لە ڕێیانەوە مامۆستایان و فێرخوازان بتوانن ڕاهێزانی توانای خۆیان بکەن و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریان بهێنن. بۆیە توانای چارەی ناکۆکی بە یەکێک لە کارامەییە سەرەکییەکان دادەنرێت بۆ ژیان لەناو جڤاکدا.

## سوودی نێوانسازی لە فێرگە

لە پرۆسەی نێوانسازیکردنی نێوان فێرخوازاندا، نێوانساز بەر لە هەموو شتێک پێویستە هاوسۆزی بنوێنێت لەگەڵ لایەنە ناکۆکەکان و کەشێک بسازێنێت کە لایەنەکان هەست بە ئاسودەیی بکەن لە پرۆسەکەدا، تاوەکوو بتوانن بەبێ دوودڵی ئەو خواست و پێویستییەی کە هەیانە دەری ببڕن، هەروەها بۆ خۆیان بەشدار بن لە دیاریکردنی ئەو چارەسەرەی کە بۆ ناکۆکییەکە گونجاوە.

لە پرۆسەی نێوانسازیکردنی نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا هەر لایەنێک بەرپرسایەتی هەڵسوکەوتەکانی خۆی لە ئەستۆیە. هەروەها پێشنیازکردنی چارەیەکی گونجاوی لە ئەستۆیە بۆ ناکۆکییەکە. بەشداربوونی لایەنە ناکۆکەکان لە بیرۆکەبارانە و دیاریکردنی چارەسەردا هانی لایەنەکان دەدات کە پابەند بن بەو چارەسەریی کە لەسەری ڕێک کەوتوون. لەو ڕێگەیەوە هەڤبەندیی دروست دەبێت لە نێوانیاندا و لە هەمان کاتد ا پلانێک بۆ بنیاتنانی هەڤبەندییەکی باشتر لە داهاتوودا دادەڕێژن.

ڕێگەدان بە فێرخوازان تاوەکوو هەستەکانی خۆیان دەردەبڕن زۆرجار کاریگەریی لەسەر چارەسەری لەبار هەیە بۆ ناکۆکی. نێوانسازی لە فێرگەدا پێویستە جەختی لەسەر چارەسەری ڕیشەیی ناکۆکییەکان بێت، زیاتر لەوەی کە چارەسەرێکی ڕووکەش دابنێت و لە داهاتوودا ناکۆکییەکە سەر هەڵبداتەوە. لە چارەکردنی ناکۆکیی ناو فێرخوازاندا گرینگە نێوانساز سێرەی لەسەر ستراتیژێک بێت کە هەردوو لایەنی ناکۆک براوە بن تێیدا.




نێوانسازی بڕیاردان نییە لەسەر ئەوەی کێ ڕاستە یان هەڵەیە، یاخود سەرزەنشتکردن بێت، بەڵکوو پرۆسەیەکە تێیدا لایەنی سێیەم یارمەتیی بەشداربووان دەدات لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان و سێرەخستنە سەر داهاتوو وەک لە ڕابردوو، چونکە ئەگەر لایەنە ناکۆکەکان لە ڕابردوودا بمێننەوە ئەوە هیچ کۆمەکیی ناکۆکییەکە ناکەن بۆ دۆزینەوەی چارە. نێوانساز هیچ ئامۆژگارییەک پێشکەش ناکات، بەڵکوو لەجیاتی ئەوە یارمەتیی لایەنە ناکۆکەکان دەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک کە هەردوولا پێی ڕازی بن. لە فێرگەدا هەم مامۆستا، هەم فێرخواز دەکرێت ببن بە نێوانساز و ڕۆڵی کارا بگێڕن بۆ چارەکردنی ئەو ناکۆکییانەی لە فێرگەدا ڕوو دەدەن.

### مامۆستا وەک نێوانساز

لە فێرگەدا زۆر کات مامۆستا، بەتایبەتیش شکۆپارێز (توێژەری کۆمەڵایەتی) ڕۆڵی ئەو نێوانسازییە دەگێڕێت، مامۆستا وەک نێوانساز و ڕێنوێن دێتە ناو ناکۆکی و کێشەکانی فێرخوازان، ئەو دەستتێوەردانەی مامۆستا هەندێک جار لە ڕێی داواکردنی فێرخوازانەوەیە کە داوا لە مامۆستا دەکەن کە کۆمەکیان بکات، بەڵام هەندێکجار دۆخەکە پێویستییە. دەستتێوەردانی مامۆستا کاتێک پێویست دەبێت کە ناکۆکییەکە توندوتیژیی لێ کەوتبێتەوە و لایەنە ناکۆکەکان هیچ دەرفەتێکی دانوستان بە یەکدی نەدەن، بۆیە مامۆستا دێتە ناو ناکۆکییەکە و هەوڵی نێوانسازی دەدات. لە دۆخی ناکۆکیی نێوان فێرخوازاندا پێویستە مامۆستا نەکەوێتە لایەنگری هیچکام لە لایەنەکان، بەڵکوو پێویستە بێلایەنانە نێوانسازی بکات و دەرفەتی گفتوگۆی یەکسان بە هەردوو لایەن بدات تاوەکوو چیرۆکی خۆیان باس بکەن، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە سەرچاوەی دروستبوونی ناکۆکییەکە بدۆزنەوە، پاشان هەنگاو بەرەو چارەکردن بنێن.

نێوانسازی پرۆسەیەکی خۆبەخشانەیە، کە لایەنی سێهەم بێلایەنانە سەرپەرشتی دەکات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی. ناکۆکی لەناو مامۆستایان لە فێرگەدا، یان لە هەر سازمانێکی[19] دیکەدا دەکرێت ڕوو بدات و باشتر وایە لە سەرەتاوە زوو چارە بکرێت. گەرنا خێرا پەرەدەستێنێت و ئەگەری ئەوە هەیە توندوتیژیی لێ بکەوێتەوە.

[19] سازمان: دامەزراوە، Organization

نێوانسازی لە ڕێگەیەکە کۆمەکی لایەنەکان دەکات ۆ ڕێککەوتن لەسەر چارەیەک کە سوودی دوولایەنەی تێدا بێت.

**فێرخواز وەک نێوانساز (ناوبژیوانی هەڤاڵکرد)**

پێشتر باسمان لە شێوازی نێوانسازی کرد لەلایەن مامۆستا یان (گەورەساڵێکەوە). ئێستا دەمانەوێت ئەم ئەرکە بە فێرخوازان بسپێرین. لە زۆرێک لە فێرگەکاندا، ئەو فێرخواز/خوێندکارانەی کە ڕاهێنراون بۆ کارکردن وەک نێوانساز، بە شێوەیەکی کاریگەر وەک ئاشتیخواز کاریان کردووە. پێویستیان بە ڕاهێنان و ڕێنمایی هەیە (هەرچەندە گەنجتر بن، پێویستییان بە ڕێنمایی زیاتر دەبێت)، بەڵام گەورەکان پێویستە فێر بن متمانەیان بەوە هەبێت کە فێرخوازان دەتوانن بە شێوازی خۆیان کێشەکان چارەسەر بکەن. ئەوان ئەندامن لەو کۆمەڵگەیە و دەتوانن ڕۆڵی گرینگ بگێڕن لە نێوانسازیی نێوان هاوڕێکانی خۆیان، چونکە ئەوان لە ڕووی تەمەنەوە نزیکن لە هاوپۆل یان هاوڕێکانیان، ئاسانتر دەتوانن دەرکی دۆخی هاوڕێکانیان بکەن و لەو پێویستییەش تێ بگەن کە هاوڕێکەیان هەیەتی. هەندێک جار گەورەکان (مامۆستایان) تەنیا دەستڕاگەیشتنێک یان تێگەیشتنێکی گشتییان هەیە لەو دۆخەی کە فێرخوازان تێیدان، بەڵام فێرخواز لە باشترین شوێندایە بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بێت کە لەنێوان فێرخوازانی دیکەدا چی ڕوو دەدات.

بۆیە متمانەکردن بە فێرخوازان و سپاردنی ئەو ئەرکە پێیان وەکوو پێویستییەک وایە تاوەکوو لەو ڕێگەیەوە مامۆستا ئەو ئەرکە بداتەوە بە فێرخوازان و لە ڕێی نێوانسازیی هەڤاڵکردەوە بتوانن خۆیان ڕۆڵی کارا بگێڕن لە چارەکردنی ناکۆکیی نێوان هاوڕێکانیان.

ئەو ڕۆڵپێدانە بە فێرخوازان پێویستە لە ڕێگەی سازکردنی سەمینار و خولی تایبەت بە کارامەییەکانی وەکوو (دانوستان، گوێڕادێران، هاوسۆزی، چارەی کێشە و هونەری نێوانسازی)یەوە بێت، کە لە فێرگەدا بۆیان ساز بکرێت، تاوەکوو لەو ڕێگەیەوە فێرخوازان ڕابهێنرێن و تواناکانی خۆیان بەرەو پێشەوە ببەن، مامۆستاش بە دڵێکی ئاسوودەوە ئەو ئەرکە بە فێرخوازان بسپێرێت.

**خێزان وەک نێوانساز**

خێزان وەکوو مەڵبەندی یەکەمی پەروەردە ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە پەروەردەکردنی منداڵدا تەنانەت بەر لەوەی منداڵەکە بێتە ناو فێرگەوە، کاتێک خێزان مامەڵەتێکی دروست و ڕێزدارانە لەگەڵ منداڵەکەیدا دەکات، گوێ بۆ ڕاز و نیازەکانی دەگرێت، لەو ڕێگەوە هانی منداڵەکەی دەدات، لە مامەڵەتکردندا ڕێزدارانە بێت لەگەڵ دەوروبەردا. واتە خێزان یەکەمین فێرگەیە کە دەتوانێت منداڵەکەی بە شێوازێکی دروست پەروەردە بکات، ئێمە وەکوو خێزان دەتوانین ڕۆڵی بەرچاومان هەبێت لە پەروەردەکردنی نەوەیەکی تەندروست، تاوەکوو لەو ڕێگەوە هەوڵ بدەین مرۆڤایەتی زیاد بکەین بۆ ناو کۆمەڵگە، ئەویش لە ڕێگەی فێرکردنی منداڵەکانمان کە بەر لە نواندنی ڕەفتاری توند و بەرتەکی ناجۆر پێویستە بیر بکەنەوە، هەوڵ بدەن هەتا ئەوپەڕی توانایان ئەو کێشە و ناکۆکییانەی کە لە ژیانیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە بەڕێگەی دانوستان چارەی بکەن و کەمترین کات پەنا ببەنەبەر نواندنی ڕەفتاری توند. ئەوەش کاتێک دەکرێت کە ئێمەش وەکوو دایکوباوک مامەڵەتمان بەو شێوەیە بێت لەگەڵیان، چونکە منداڵان ئەوە دەنوێنن کە دەیبینن نەک ئەوەی کە دەیبیستن. هەروەها هەوڵ بدەین منداڵەکانمان فێر بکەین ڕێز لە بۆچوون و خواستی کەسانی دیکە بگرن، هاوسۆز بن و بتوانن پەرۆشی خۆیان

دەرببڕن. هەموو ئەو کارانە بەوە دەکرێت کە دایکوباوکان ئەو توانایانە لە خۆیاندا بچێنن و هەوڵ بدەن بە ڕێگەی نواندنی ئەو ڕەفتارانەوە منداڵەکانیان چاویان لێ بکەن. وەک لەوەی کە تەنها لە چێوەی قسە و ئامۆژگاریدا پێیان بڵێن.

فەلسەفەیەکی باو هەیە کە ئێمە لە منداڵییەوە فێری کراوین ئەویش ئەوەیە کە بەردەوام پێمان گوتراوە، «هەر کەسێک لێ یدایت، لێی بدەوە.» دەشێت تا ئێستاش خێزانەکان بەو شێوازە ئامۆژگاریی منداڵەکانیان بکەن، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە جگە لەوەی هانی منداڵان نادات بیر بکەنەوە پێش ئەوەی ڕەفتار بنوێنن، بەڵکوو هانیان دەدات کەسێکی توندوتیژ بن، بەردەوام سەرنجیان لەلای تۆڵەسەندنەوە بێت.

دەشێت لەجیاتی ئەو بیرکردنەوەیەی کە دەڵێت «هەرکەسێک لێی دایت، لێی بدەوە» منداڵان فێر بکەین کە هەر کەسێک ئازاری دایت، دەستەکانی بگرە و سەیری ناوچاوی بکە، پێی بڵێ: تۆ مافی ئەوەت نییە سنووری جەستەی من ببەزێنیت (لێم بدەیت)، جەستەم هی خۆمە کەس مافی ئەوەی نییە ئازارم بدات. یاخود کەسی بەرانبەر ئاگاردار بکاتەوە و پێی بڵێت: لێدان کارێکی نەشیاوە، ئاگاداری بکەوە کە کاری لەو جۆرە نەکات.

## پاژی سێهەم

## ئاشناکردنی فێرخوازان بە دیاردەی ناکۆکی و شێوازی چارەکردنی

یەکێک لە ڕێگەکانی ئاشناکردنی فێرخوازان بە دیاردەی ناکۆکی، ڕووماڵکردنی ناکۆکییە، ڕووماڵکردنی ناکۆکی تیشک دەخاتە سەر هۆکاری هاندەری ناکۆکییەکە، ئەویش لە ڕێگەی دۆزینەوەی ترس و پێویستیی لایەنی ناکۆک.

ڕووماڵکردن دەبێت هەر زوو ئەو کاتە دەست پێ بکات کە مرۆڤ هەست بە پەشێوی دەکات و پێی وایە گیری خواردووە بەدەست زۆربوونی هۆکار لە ناکۆکییەکەدا. بەشداربوونی کەسانی سەربە زۆنی ناکۆکییەکە لە ڕووماڵکردنەکەدا کارێکی باشە، چونکە ڕووماڵکردنەکە دەبێتە هۆی پەیدابوونی گۆشەنیگای نوێ، مرۆڤ دێتە سەر بارێک ترس و پێویستیی کەسی بەرانبەر بە جۆرێک دەبینێت کە زووتر ئاشنای نەبووە.

## ڕێنوێنی دەربارەی ڕووماڵکردن (چۆن ئەنجامی بدەین)؟

**بابەتی ڕووماڵکردنەکە دەستنیشان بکە.** لە ڕووماڵکردنی ناکۆکیدا هەتا بۆت دەکرێت پێویستە ڕوون و ڕاشکاو بیت، نابێت بکەویتە وردەکارییەوە، بابەتەکە بە چەمکی کورت، ناکەسەکی، گشتی، بێلایەن و ناسۆزەکی ناوەزەد بکە، دۆزەکە (ناکۆکییەکە) وا دامەڕێژە کە وەڵامەکان بە بەڵێ و نەخێر وەڵام بدرێنەوە.

نموونە/ وا دای بنێین ناکۆکییەکە فێرخوازێک بوو ناوی لاس بوو، لاس فێرخوازێکی بزێوە، بابەتی ناکۆکییەکە «پەشێویی ناوپۆلە».

1. **لایەنەکانی تێوەگلاو دیاری بکە.**
لێرەدا دەکرێت لیست بۆ یەکبەیەکی کەسەکان بگیرێت یان لە گرووپ و سازماندا[20] دەستبەند بکرێن. بۆ دەستەبەندیش چەمکی «پێویستی» بەکار دێت، ئەو کەسانەی هەمان پێویستییان هەیە لە دۆزی[21] ناکۆکییەکەدا دەخرێنە یەک گرووپەوە.

نموونە/ کۆکردنەوەی تاک و دەستە لە یەک گرووپدا زۆر ئاساییە. ئێمە لەم دۆزەی لاس-دا ئاگاداری وردەکاری نین، بەڵام دیارە دەبێت لاس-ی تێدا بێت، لەوانەیشە مامۆستاکەی لاس، دایکوباب، هاوپۆلی هەراسانکراو، هاوپۆلی ورووژێنەری لاس-یش تێوەگلاوی کێشەکە بن.

2. **دەستنیشانکردنی پێویستی و ترس.**
پاشان بۆ هەر یەک لەو کەس و گرووپانە «پێویستی» و «ترس»ی پەیوەست بە باسەکە دێنە تۆمارکردن، بۆ ئەوەی هۆکار و هاندەری ناکۆکییەکە ڕوون بکرێتەوە. پرسیارێکی گونجاو لێرەدا دەڵێت: «کاتێک خەریکی ئەم کێشەیەین، کامەن ئەو پێویستییانە دابین نەکراون؟»

نموونە/ پێویستیی لاس لەوانەیە جووڵەی زۆر بێت، لەوانەیە ئافەرین بێت لە چەند هاوپۆلێکی تایبەتەوە، لەوانەیە ڕزگاربوون بێت لە ئەرکی بێزارکەر کە تێ ناگات سوودیان چییە. ترسی لاس

---

[20] دەستبەند: دیاریکردن
[21] دۆز: کێشە، بابەت، باس

لەوانەیە تێنەگەیشتنی خۆی بێت - هەم لای خۆی و هەم لای کەسانی دیکە. لەوانەیە نەسەلماندن بێت لەلایەن چەتوونەکانی پۆلەوە.

پێویستیی مامۆستا هەڵبەت ئارامیی پۆلە، دەرفەتە بۆ جێبەجێکردنی کاری باش، پێکانی ئامانجی وانەکانی خۆیەتی. ترسیش لەوانەیە لەوە بێت هاوکاران و بەڕێوەبەر پێیان وا بێت ئەم ناتوانێت دۆخەکە چارە بکات.

3. **یەکنەواز لەتەک هەمووان کار بکرێت.**
گرینگە بە هەمان شێواز کار لەتەک کەس و گرووپەکانی دیکە بکەیت. بەڵام وریا بە لەبری پەیدۆزیی «پێویستی» نەکەویتە سەر دۆزینەوەی چارەسەر. وریاش بە داڕشتنی پێویستی بە دەربڕینی زۆر گشتی نەبێت، وەک: «مامۆستا پێویستی هەیە بەوەی ڕێزی لێ بگیرێت»، پێویستی دەبێت بە دەستاوێژی ورد دەربڕدرێت. گرینگیشە ئاگادار بین لەوەی کارەکەمان دەربارەی کەسانێکە کە خۆیان لە کاری ڕووماڵەکەدا ئامادەییان نییە و ئێمە هەرگیز ناتوانین پیویستیەکانیان بەوردی بزانین.

سوودەکانی ئەم جۆرە ڕووماڵکردنە زۆرن، جگە لە ڕێکخستنی ئاخافتن، بۆچوونەکانی خۆت و ئەوانەی دیکەش ڕوون دەبنەوە. هەڵوێستی لایەنەکانی ناکۆکیی دیتە گۆڕان لە بەرەنگاربوونەوە بۆ [22]پەیدۆزییەکی هاوبەش و ئەمیش دەبێتە هۆکار بۆ هەڵکشانی هاوسۆزیی نێوانیان.

ئەگەر پێمان وا بێت تەنها دوو کەس بەشدارن لەو ناکۆکییە ئەوا باش بۆی نەچووین، ژمارەی کەسانی بەشدار لە ناکۆکییەکە بەگشتی زۆر زیاترە وەک لەوەی ئێمە بیریان لێ دەکەینەوە. گرینگە بیرمان بێت لەوانەیە کەسانی مردووش گاریگەرییان هەبێت بەسەر ئەو ناکۆکییەوە، بۆ نموونە دوور نییە بیرۆکەی پەروەردەی ساڵی هەفتاکانی بابەگەورەی لاس بەرتەکی بەهێزی لای باوکی لاس پەیدا کردبێت و بووبێتە هۆی مەیلی بابەکە بۆ پەروەردەیەکی توند، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر لاس هەبێت.

## ڕێگەکانی ڕووماڵکردنی ناکۆکی لە فێرگەدا

### ڕاپرسی

یەکێک لە ڕێگەکانی ڕووماڵی دیاردەی ناکۆکی، ئەنجامدانی ڕاپرسییە. ئەم ڕاپرسییە بۆ دیاریکردنی ناکۆکی و دۆزینەوەی هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکییە، پاشان دیاریکردنی ستراتیژ و مۆدێلی گونجاوە بۆ چارەکردنی ئەو ناکۆکییانەی کە لە فێرگەدا هەن.

مەبەست لە چارەکردنی ناکۆکی فەراهەمکردنی ژینگەیەکی ئارامە بۆ فێرخوازان جا لە پۆلدا بن یاخود لە دەرەوەی پۆل.

[22] پەیدۆزی: گەڕان بۆ دۆزینەوەی شتێک، استکشاف، Exploration

فێرگە تۆژینەوەیەک لەسەر فێرخوازان ئەنجام دەدات پێش کۆتابوونی وەرزی یەکەم، فۆرمی تۆژینەوەکە بریتییە لە چەند پرسیارێک دەربارەی ناکۆکی. مەبەست لێرەدا ڕووپێوی جۆری ناکۆکی و دیاریکردنی هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکییە، هاوکات دەرفەتی ئەوەمان پێ دەدات بزانین ڕێژەی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان تەمەن و زایەندی جیاواز چ گۆڕانێکی بەسەردا دێت.

تۆژینەوەکە وێنەیەکی باشی هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکی لە فێرگە پێشان دەدات. ئەم تۆژینەوە پێناسەی بەشداربووانی ناکۆکی نیشان نادات، بەڵکوو ڕێنیشاندەرە بۆ شێوازی مامەڵەتکردن لەگەڵ ئەو دۆخەدا، ئاکامی تۆژینەوەکە دەخرێتە بەردەست هاوکاران پاشان ئەنجوومەنی فێرخوازان و نوێنەرایەتیی خێزان، بەمەبەستی ئاشنابوون و تێگەیشتن لەو دیاردەیە، پاشان هەنگاونان بۆ چارەکردنی دیاردەکە. پێویستە نوێنەرایەتیی فێرگە ئاکامی تۆژینەوەکە لە یەکەمین دەرفەتدا لە کۆبوونەوەی خێزاندا نیشانی خێزانەکان بدات، بەمەبەستی ئاشناکردنی خێزان بە هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەکە و شێوازی مامەڵەتکردن لەگەڵیدا. پێشکەشکردنی ئاکامەکە دەبێتە هۆی پێداچوونەوەی وردتر بە مێتۆد و ڕێگەی ڕێبەستن لە دروستبوونی ئەو دیاردەیە یاخود مامەڵەتکردنێکی دروست لەدەمی ناکۆکیدا.

پلانی کۆبوونەوە دەکرێت لەلایەن فێرگە، ئەنجوومەنی فێرخوازان و دەستەی نوێنەرایەتیی خێزانەوە بە هاوکاری یەکتر دابنرێت. هاوکات ئەم کۆبوونەوەیە دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ بەرچاوڕوونیی تەواو و وەرگرتنی ڕوانگەی هەمووان لە ڕێگەی بیرۆکەبارانەوە.

دەکرێت ئەم ڕاپرسییە لە ساڵی داهاتووی خوێندندا لە هەمان کاتدا دووبارە بکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە بنەما بۆ شرۆڤەکردنی کاریگەریی ڕێبەستکردنەکە و شێوازی بەکارهێنانی کارامەیی و مۆدێلی چارەی ناکۆکی لە داهاتوودا. ئەم ڕاپرسییە یاریدەرە بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونیی تەواو دروست بێت و هەوڵی چڕتر بدرێت.

**خێزان**

لایەنێکی دیکەی ڕووماڵکردنی ناکۆکی لە ڕێگەی خێزانەوەیە. خێزان وەک پایەیەکی کۆمەڵایەتیی گرینگ و بەرپرسی یەکەمی منداڵ دادەنرێت. ئەم ڕێگەیە وەک بنچینەی یەکەمی دۆزینەوەی دیاردەی ناکۆکی لە ماڵەوە و دەرەوەیە. خێزان پیویست دەکات ورد ئاگەداری ڕەفتار و گوفتاری منداڵەکان بن.

دایباب وەکوو کەسی یەکەمی ناو خێزان پێویستە هەر لە سەرەتاوە منداڵەکانیان لەسەر گفتوگۆکردن لەگەڵ دەوروبەر ڕابهێنن وەک لە نواندنی بەرتەکی توند، بەڵام ئەوە کاتێک دەکرێت کە دایباب خۆیان بەهەمان شێواز مامەڵەت لەگەڵ منداڵەکەیان بکەن.

نواندنی ڕەفتاری توندوتیژی بە بیانووی بەرگری لەخۆ کردن دەرفەتی دانوستان و بیرکردنەوە لە منداڵان دەگرێت، لە جیاتی ئەوەی بیر بکەنەوە، بەرتەک دەنوێنن. زۆر گرینگە دایکوباوکان بیریان لە لای چاندنی تۆوی تۆڵەسەندنەوە نەبێت لەناخی منداڵەکانیاندا بەڵکوو لەجیاتی ئەوە هانیان بدەن کە بیر بکەنەوە و بەرتەکی بەپەلە نەنوێنن. گرینگە دایکوباوکان منداڵەکانیان بەو شێوەیە ڕابهێنن کاتێک کەسێک هێرش دەکاتە سەریان و ئازاریان دەدات، ئاگاداری بکەنەوە کە مافی بەزاندنی سنووری جەستە (ئازاردان)ی ئەوی نییە. کاتێک منداڵێک بەشپرزەیی یاخود بەگریانەوە هاتەوە ماڵەوە و پرسیاری ئەوەی لێ دەکەیت کە چی ڕووی داوە؟ بەو شێوەیە باس لە ڕووداوەکە دەکات کە بینیویەتی، بۆیە لە ئەگەری ڕوودانی دیاردەی ناکۆکی، پیوست دەکات دایکوباوکان دانیشتن لەتەک منداڵەکانیان بکەن، گوێیان بۆ بگرن، نرخاندن بۆ قسەکانیان بکەن و ڕێنیشاندەر

بن. ئەگەر نەیانتوانی ڕیبەستی دیاردەکە بکەن، پێویست دەکات پەیوەندی لەتەک مامۆستایانی منداڵەکانیان بگرن بۆ ئەوەی بە هاوکاریی هەردوولا بتوانن ڕێگری لە دیاردەکە بکەن و ژینگەیەنی گونجاو و لەبار دورست بکەن بۆ هەردوولا.

**چاودێر**

لایەنی سێهەم لە ڕووماڵی دیاردەی ناکۆکی چاودێرە لە کاتی پشووەکاندا، ئەم ڕێگەیە بە دۆزەرەوەی ناکۆکی دادەنرێت لە دەرەوەی پۆل. چاودێران پێویستە ورد سەرنجی گشت سوچ و کەلێنێکی گۆڕەپانی فێرگە بدەن لە کاتی پشووەکاندا، لەم کاتانەدا فێرخوازان لە قۆناخی جیاوازدا تێکەڵ بە یەکدی دەبن و دەشێت ناکۆکی ڕوو بدات. بە بینینی ئەو دیاردەیە دەکرێت دواتر چاودێران لەگەڵ مامۆستایانی ڕابەر دانیشتن بکەن و فیدباکیان پێ بدەن و ئاگەداریان بکەنەوە لە هەر ڕووداوێک یان ناکۆکییەک کە فێرخوازان لە گۆڕەپاندا ڕووبەڕووی بونەتەوە، بۆ ئەوەی بە هەردوولا بتوانن ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ڕێبەستن لەو دیاردەیە یاخود لە ئەگەری ڕوودانی ئەو دۆخانە فێرخوازان فێری مامەڵەتی گونجاو بکەن بۆ چارەکردنی ناکۆکییەکە بەر لەوەی بگات بە توندوتیژی.

**شێوەی تۆژینەوە**

فۆرم و شێوەی تۆژینەوەکە لە شێوەی ڕاپرسی دەبێت هەموو ڕەهەندێکی دیاردەکە بخرێتە ژێر پرسیارەوە لەگەڵ هەبوونی چەند بژارەیەک بۆ هەر پرسیارێک، مەرجە بژارەکان بە جۆرێک بن بتوانرێت دوای شرۆڤەکاری، پێوانە و مەزەندە بکرێ، بەجۆرێک بەرچاوڕوونیمان بداتێ لەسەر ئەو باسە. دەکرێت ئەم تۆژینەوەیە بە شێوازی سەرهێڵ (ئۆنلاین) بێت. گەر ئێوە زانیتان بەشداربووان بۆیان زەحمەتە بە شێوازی سەرهێڵ بەشدار بن لەو تۆژینەوە و ڕاپرسییە، ئەوکات دەکرێت بە شێوەی ڕووبەڕووش ئەنجام بدرێت (لە ڕێگەی کاخەز و پێنووسەوە) بەڵام ئەم شێوازەیان هەم کات زیاد دەبات و هەم ماندووبوونی زیاترە بۆ دەمی شرۆڤەکاری جگە لەوەی تێچووشی هەیە.

**پیادەکردنی تۆژینەوە**

دوای دیاریکردنی لیستێک لە پرسیار، ئەمجار کاتی پیادەکارییە. بۆ کاتی ڕاپرسییەکە دەکرێت لە دەستپێکی ساڵ ئەنجام بدرێت. چونکە ئەو کاتە دەرفەتی باش هەیە بۆ بەرپاکردنی هەڵمەتی ڕێبەستن و دیاریکردنی شێوازی چارەکردن. زۆریش گرینگە لە کاتی نێزیکبوونەوەی کۆتایی ساڵ جارێکی دیکە ڕاپرسی ئەنجام بدرێتەوە تاوەکوو دوو مەبەست بپێکێت.

- بەرچاوڕوونیت بداتێ بۆ ساڵی داهاتوو.
- کاریگەربوونی هەڵمەتەکەت پێشان بدات.

لەسەر بنەمای ئەوە، هەموو کەماسییەکانی ئەو تۆژینەوە و هەڵمەتەکەت بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەودەم دەتوانیت ئەمە بکەیتە ئەزموون بۆ ساڵانی داهاتوو تاوەکوو بتوانیت پرۆسەکە ڕێکتر ڕێچکەی خۆی بگرێت. ئەوەی لێرەدا

گرینگە ئەوەیە کە پێویستە ئەنجامدانی ئەو ڕاپرسی و تۆژینەوەیە بۆ سەرلەبەری فێرگە بێت نەوەک چەند قۆناخێکی دیاریکراو. ئەو هەڵمەتی ڕێبەستنە کە ڕادەگەیەندرێت گرینگە گشتی بێت و لە سەر ئاستی فێرگە بێت نەک بەستێنیک[23] یان پۆلێک. پێشمەرجی سەرکەوتنی ئەم هەڵمەتی بەرەنگارییە ڕوونە، کە یەکنەوازیی کاری مامۆستایان و دەستەی ڕێبەرایەتییە بە بەشداری چالاکانەی خێزان.

### شرۆڤەکاری

مەبەستی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم تۆژینەوەیە لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە چارەکردنی دیاردەکە نییە، بەڵکوو ئەو تۆژینەوەیە دەبێتە چرا، ڕێگەی تەنگ و تاریکی ئەم دیاردەیەمان بۆ ڕۆشن دەکات تاوەکوو بتوانین ڕوانگەیەکی ڕوونمان هەبێت لەسەر دیاردەکە. ئەوکاتە دەتوانین هەنگاوی وردتر بنێین و هەڵمەتی چڕتر بگرینەبەر بۆ چارەکردن و ڕێبەستن لێی. دوای ئەوەی تۆژینەوەکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە، دەبێت تایبەتمەندیی فێرخواز تەواو پارێزراو بێت، دڵنیایی بدرێت بە فێرخوازان کە وەڵامەکانی ئەوان بە نهێنی دەمێنێتەوە و لێپێچینەوە لە کەس ناکرێت. دوای ئەو دڵنیاییە تەواوە ئەوجار دەکرێت ورد سەرجەم پرسیارەکان بە داتا شرۆڤە بکرێت و هەر پرسیارێک بە داتا و شێوەی هێڵکاری پێشان بدرێت.

تۆ وەکوو تۆژەر لەگەڵ هاوکاران لەسەر ئەو ئەنجامە کۆبوونەوە ڕێک دەخەیت و بیرۆکەبارانە دەکەیت. لە ئەنجامی ئەم بیرۆکەبارانەیە لیستێک لە چارەسەر دەنووسرێتەوە، تاوەکوو بتوانیت ڕێگەچارەی دروست بۆ هەر باسێکی ناو تۆژینەوەکە پێشنیاز بکرێت. دوای ئەوە ڕیزبەندی بۆ ئەو لیستی ڕێگەچارانە دەکرێت ئەمجار دەچێتە پیادەکارییەوە. ڕیزبەندیەکەش دەکرێت ئەم چەند خاڵەی بۆ بکرێتە پێوەر:

- کام ڕێگەچارەیە گونجاوترین و سەلامەتترینە لە کاتی پیادەکاری بۆ فێرخواز؟
- کام ڕێگەچارە کاریگەرترینە؟
- خێراترین ڕێگەچارە و کەمترین کاتبەر کامەیە؟

تێبینی: ئەم چەند خاڵەی سەرەوە تەنها پێشنیازە بۆ ڕیزبەندکردنی لیستی چارە ڕێ، دەکرێت ئێوە خۆتان بەپێی دۆخ و ژینگەی فێرگەکەتان پێوەری دیکەش زیاد بکەن، بیریشتان نەچێت، هەتا پێوەر زیاتر بن، هەڵبژاردنی ڕێگەچارەی دروست زیاترە. گرینگە ئەوە ڕوون بێت، ڕێگەیەک هەڵبژێرن بۆ هاوبەشیپێکردنی خێزان و فێرخواز لەگەڵ مامۆستایان بۆ پێشاندانی دەرئەنجامی ڕاپرسییەکە.

### پلانڕێژی بۆ هەڵمەتی ڕێبەستن لە دیاردەی ناکۆکی

لە دوای ئەنجامگیریی ڕاپرسییەکە، فێرگە بۆی دەردەکەوێت کام جۆری ناکۆکی لە فێرگە زۆر دووبارە دەبێتەوە و بۆتە باو، کام زایەندە و تەمەنە زیاتر بەر ناکۆکی دەکەون و لە چ قۆناخ و شوێنێکدا ڕوو دەدات. بۆیە پێویستە ڕێبەرایەتیی فێرگە هەوڵی کارا بدات و پلانڕێژیی ورد بکات بۆ بەرەنگاریی دیاردەی ناکۆکی. لەم پلانڕێژییەدا

[23] بەستێن: چەند قۆناخێکی دیاریکراو لە فێرگەدا، بۆ نموونە، (پۆلی، ١ تا ٣ ) بەستێنێکن، کە پێیدەڵێین بەستێنی بەرایی یان بەستێنی یەک، پۆلی ٤ تا ٦ بەستێنێکی دیکەن(بەستێنی دوو).

دەرفەت والا دەکرێت بۆ هەرسێ لایەن، مامۆستا، فێرخواز و خێزان، تاوەکوو چالاکانە بەشدار بن لە دانانی پلان بۆ ڕێبەستن لە دیاردەکە و پیادەکردنی پلانەکە. ڕێبەرایەتی و سەرپەرشیارەکان پێویستە بەیەکەوە پلانێکی گشتگیر دابنێن، ناوەڕۆکی پلانی فێرگە دەکرێت لەسەر ئەم بنەمایانە بێت (بازنەی بەیان[24]، سەمیناری تایبەت، دانیشتن، کۆبوونەوە، هتد...). دوای کۆتابوونی پلانڕێژییەکە، سەرپەرشتان پێویستە مامۆستایان و ڕابەرانی پۆلی لێ ئاگەدار بکەنەوە و ڕێنوێنییان بکەن بۆ فێربوون و ئاگەداری تەواوی پلانەکە. پاشان ئەنجوومەنی خێزان ئاگەدار بکرێتەوە لە دارشتنی پلانەکە.

## جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی چارەکردنی دیاردەی ناکۆکی

ئەم ستراتیژانە دەکرێن بە دوو بەشەوە، ڕێبەرایەتیی فێرگە پێویست دەکات ستراتیژەکان ئامادە بکات بە هاوکاری مامۆستایان پاشان خێزانیش هەمان ستراتیژی فێرگە بەکار بهێنێت. ئەمەش وەک یەکڕەوتیی لێ دێت لە خزمەتی فێرخوازان و بنبڕکردنی دیاردەکە دایە، ئەمە هەنگاوی کۆتایی ڕێبەستنەکەیە. ئەو پلانەی کە لە تەوەرەی پێشوو باسکران لێرەدا بە پراکتیکی دەخرێتە بەردەست مامۆستایان، ڕابەر و خێزان. بەهاوکاری و کاری ئەم سێ لایەنە تا ڕادەیەکی باش دیاردەکە بەرەو کزی دەچێت، یاخود ئەگەر ڕووش بدات چارەکردنی ئاسان دەبێت.

لایەنی یەکەم لە چارەکردنی دیاردەی ناکۆکی فێرگەیە و لایەنی دووهەم خێزانە، لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە فێرگە و خێزان چۆن دەتوانن هاوکار بن بۆ ڕێبەستکردن و کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە:

### فێرگە

**بازنەی بەیان** دەستپێکی ڕۆژە لە فێرگەدا. ئەو کاتەیە، کە ڕۆژانە بابەتی پەروەردەی جیاواز لەتەک فێرخوازاندا دێنە باسکردن. گفتوگۆ دەکرێتەوە و فێرخوازان چالاکانە بەشدار دەبن لەو گفتوگۆیەدا. هەڤبەندیی باش دروست دەبێت بەتایبەت بۆ ئەو فێرخوازانەی کەمدوو، شەرمن و گۆشەگیرن. مامۆستایان و فێرخوازانی دیکە پێوستە چالاکانە گوێ بۆ بۆچوونەکانیان بگرن و بەهەندیان وەربگرن. تاوەکوو هەموو هەست بە ڕێز و گرینگیی خۆیان بکەن. مامۆستایانی ڕابەر لە کاتی بازنەی بەیاندا دادەنیشن لەتەک فێرخوازاندا و باس لە هەبوونی دیاردەی ناکۆکی دەکەن و دۆخەکە شرۆڤە دەکەن. دەکرێت منداڵان لە بازنەی بەیان بکرێنە چەند گرووپێکەوە بۆ ئەوەی بتوانن بیرۆکەبارانە بکەن لەسەر بابەتەکە و بگەنە ئاماجێکی گونجاو بۆ ڕێبەستن و چارەکردنی دیاردەکە. پاشان کام بۆچوون و ڕێگەچارانە بە لای هەموو پۆلەکەوە گونجاوترین بوو دەکرێت لەسەر کانسنێک[25] بنووسرێنەوە و بە پۆلەکە یان ڕاڕەوەکە هەڵبواسرێن.

[24] بازنەی بەیان: دەستپێکی هەموو ڕۆژێک لە هەفتەدا لە وانەی یەکەمدا مامۆستا (ڕابەری پۆل) ١٠ بۆ ١٥ خولەک کات تەرخان دەکات بۆ باسێکی پەروەردەیی، فێرخوازان هەموو بەشدارن لەوگوتوبێژەدا.
[25] کانسن: کاخەزێکی گەورە کە دەتوانرێت شتی لەسەر بنووسرێت و بە دیواردا هەڵدەواسرێت، دیوارنامە، نەشرە.




لە فێرگە حکومەتییەکاندا دەکرێت پلانی وانەی مامۆستایان وا ڕێک بخرێت، کە ڕابەری هەر پۆلێک لە دەستپێکی هەفتەدا وانەی پۆلەکەی خۆی هەبێت و دەستپێکی هەموو هەفتەیەک تەرخان بکەن بە بابەتێکی پەروەردەیی وەک، چارەی ناکۆکی، هاوسۆزی، چەپاندن، ڕاستگۆیی، دەستپاکی و... هتد.

سوودی ئەو وانە پەروەردەییانە لە دەستپێکی هەفتەدا لەوەدایە کە مامۆستایان دەتوانن بە درێژایی هەفتەکە چاودێری فێرخواز بکەن، لەناو پۆل و گۆڕەپاندا تاوەکوو دڵنیا ببنەوە لەوەی کە ئەو بابەتەی باسیان کردووە جێگەی خۆی گرتووە، دەشکرێت لە دەستپێکی هەر وانەیەکدا بە چەند خولەکێک بابەتەکە بیری فێرخوازان بهێنرێتەوە، و داوایان لێ بکرێت چیرۆکێکی ژیانی خۆیان لەبارەی ئەو بابەتەوە لەسەر کاخەزێک بنووسن و بۆ مامۆستاکەیانی بهێنن.

ئەو ستراتیژە یارمەتیی فێرخوازان دەدات تاوەکوو خۆیان لە باسەکاندا ببیننەوە و مامۆستاش دڵنیا ببێتەوە کە بابەتەکە بەباشی گەیشتووە.

لێرەدا چەند مۆدێلێکی گونجاو دەخەینە ڕوو کە دەتوانرێت لە پۆلدا بەکار بهێنرێن:

1. یەکێک لە مۆدێلەکان بۆ پیادەکردنی چارەی ناکۆکی لە پۆلدا، دەکرێت دانانی لیستێکی چارەسەر بێت کە فێرخوازان خۆیان دیاریان کردبێت، ئەم لیستە بە دیواری پۆلدا هەڵبواسرێت، بۆ ئەوەی فێرخوازان بەردەوام لەبەر چاویان بێت، تاوەکوو کاتێک ڕووبەڕووی ناکۆکی بوونەوە هەوڵ بدەن چارەی گونجاو هەڵبژێرن.
2. بەکارهێنانی چەرخی چارەی ناکۆکی، وەکوو ئەو نموونەی خوارەوە دەکرێت بژاردەیەکی باش بێت، بۆ پێدانی ستراتیژی جیاواز بۆ چارەکردنی ناکۆکی لەناو فێرخوازاندا.




3. ستراتیژێکی دیکە کە مامۆستا دەتوانێت لە پۆلدا لەگەڵ فێرخواز بەکاری بهێنێت، ستراتیژی (***هەست و چارەیە***)، فێرخواز لەڕێگەی دیاریکردنی هەستەکانی خۆیەوە دەتوانێت بەدوای چارەی گونجاودا بگەڕێت:

| هەست بەچی دەکەم؟ | هەست بە ماندووبوون دەکەم. | هەست بە بێزاری دەکەم. | هەست بە تورەبوون دەکەم. | هەست بە دڵتەنگی دەکەم. |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| |  |  |  |  |
| دەتوانم چی بکەم؟ | پشوو دەدەم. | وێنە دەکێشم. | خۆم ئارام دەکەمەوە. | قسە لەگەڵ هاورێیەکم دەکەم. |

4. ڕێگایەکی دیکە بۆ چارەکردنی کێشەی نێوان فێرخوازان بەکارهێنانی بەرنامەی چارەی کێشەیە، کە لە چەند هەنگاوێک پێک هاتووە، بەئاسانی دەتوانێت کۆمەکیی فێرخوازان بکات کە بتوانن بۆخۆیان کێشەکانی خۆیان چارە بکەن:

چا

ڕە

ی

کێشە

**4.هەڵبژاردنی باشترین چارە.**

- پیادەکردن.

**3. هەڵسەنگاندنی چارە دیاریکراوەکان.**

**2. چارە چییە؟**

- بیرۆکەبارانە بۆ دۆزینەوەی چارەی گونجاو.

**1. کێشەکە چییە؟**

- باسکردنی کێشەکە.

**مامۆستای پسپۆڕ :** بانگهێشتکردنی [26]دەروونسارێژ بۆ فێرگە بە مەبەستی ئەنجامدانی سەمینار. پێویستە سێرەی سەمینارەکە لەسەر ڕێبەستنی ناکۆکی بێت، بۆ هەموو قوناخە جیاوازەکانی فێرخوازان لە فێرگەکەدا دەست بدات. یاخود چەند زنجیرە سەمیناریک ئەنجام بدرێن دەرفەتی بەشداریکردن و پراکتیزەکردنی فێرخوازانی تێدا بێت. دەروونسارێژانی فێرگە پێویست دەکات هەفتانە بەدواداچوون بکەن لەتەک مامۆستایانی ڕابەر و سەرپەرشتان بۆ زانینی دۆخی دیاردەکە و دانیشتن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆی.

**دانیشتنی تایبەت:** ڕێگەیەکی دیکەی کاریگەر، دانوستانە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیان، مامۆستا وەک نێوانساز دەتوانێت ڕۆڵی کارا بگێرێت لە بووژاندنەوەی دانوستانی نێوان ئەو کەسانەدا، ئەویش بە ڕێگەی ناوبژیوانییەکی بێلایەن لە نێوانیاندا و پێدانی دەرفەتی یەکسان بە هەر لایەنێک کە ڕووداوەکە باس بکەن و هەوڵ بدەن لە ڕێگەی بیرۆکەبارانەی چارەی گونجاوەوە، بۆخۆیان چارەدۆزی بکەن بۆ ئەو ناکۆکییەی کەوتۆتە نێوانیان.

**بەشداریی خێزان**

بەشداریی خێزان لە پرۆسەی ڕێبەستن لە ناکۆکی، کاریگەرییەکی زۆری هەیە، بەڵام پێویستە ئەو بەشدارییە بە جۆرێک بێت کە هاوهەنگاو بێت لەگەڵ ستافی فێرگە و وردەکاریی پرۆسەکە ئاگەدار بێت. ئەرکی خێزان لەو هەڵمەتە پێویستە ڕوون و ڕاگەیەن بێت، تاوەکوو خێزانیش بتوانێت لەگەڵ هەنگاوەکانی ستافی فێرگە بەشدار بێت. بەشداریی خیزان لەم هەڵمەتی ڕێبەستنە جگە لە کاریگەری، سوودی تایبەتی هەیە، لە لایەک دەبێتە هۆشیاریی جڤاکی بۆ خێزان و لە لایەکی دیکەش دەبێتە بەشێکی کاریگەر لە هەنگاوانی ئەو هەڵمەتە ڕووەو ڕێگەچارەی بنبڕ. لە هەنگاوی دەستپێک ئەرکی سەرجەم مامۆستایان و ڕێبەرایەتیی فێرگە بریتییە لە داڕشتنی ستراتیژێک لەسەر چۆنیەتیی بەشداریکردنی خێزان بۆ ئەم باسە. دەکرێت لەو هەڵمەتەدا بڕیاری پێدانی هۆشیاریی گشتی بدرێت، ئەو هۆشیارییەش لە ڕێگەی کۆبوونەوەی خیزانەوە بێت، ئەوکات لەسەر ئاستی پۆل خێزانی ئەو پۆلە بانگهێشت دەکرێت بۆ دیداری تایبەت، لەو دیدارە تایبەتە لە ڕێگەی سەمینارەوە ئەو هۆشیارییەی کە پێویستە بدرێت بە خێزان بەوردی باس دەکرێت. گەر نامیلکە و پۆستەر هەبوو دەکرێت بەسەر بەشداربوواندا دابەش بکرێت. دەکرێت ڕوون بکرێتەوە کە دانیشتنی تایبەتتر و بەتەنها گرێ دەدرێت لە دۆخی پێویستدا.

[26] دەرونناسارێژ: دەروونناس، توێژەری کۆمەڵایەتی

# پاژی چوارەم
## نموونەسازی

ئەم بەشە پەیوەستە بەو نموونە ئەزموونکراوانەی کە ڕاهێنەران لە ماوەی پرۆژەیی(ئی ڕاهێنان)، دا لە ڕاهێزانی سەرهێڵی تایبەت بە ڕاهێنەرانی نیشتیمانی بۆ کۆرسی چارەی ناکۆکی نووسیویانن.

نموونەکان پێک هاتوون لە ناکۆکییەک کە مامۆستا لە ماوەی کاری مامۆستایەتیدا لە فێرگە ڕووبەڕووی بۆتەوە، نموونەکە وەک چیرۆکێک لێرەدا ڕوون کراوەتەوە مامەڵەتی ئەوکاتەی مامۆستاکەش لەگەڵ چیرۆکەکەدا باسکراوە پاشان شێوازی چارەسەری دروست بۆ ناکۆییەکە دیاری کراوە لەگەڵ شێوازی ناوبژیوانیکردن لەو ناکۆکییەدا.

**نموونەسازیی یەکەم**

مامۆستایان دلان عبدلقادر (مامۆستای ڕاهێنەر لە دهۆک)، دانا حسن (مامۆستای ڕاهێنەر لە پشدەر) و تارا فوئاد (مامۆستا ڕاهێنەر لە سلێمانی) نووسیویانە.

چیرۆکەئەزموون: ئەم چیرۆکەی کە باسی دەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دە ساڵ پێش ئێستا، کە تێدا باسی ناکۆکییەک دەکەم لە نێوان من و مامۆستایەک و بەڕێوەبەری فێرگەکەمان لەسەر دەستکاریکردنی نمرەی فێرخوازێکی من، بەبێ ئاگاداری من.

دوای تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی یەکەم، فێرخوازەک لە بابەتی بیرکاری کە من وانەکەم دەگوتەوە، کەوتبوو. نمرەی 40 لە 100ی وەرگرتبوو. ئێمە کە نمرەکانمان تەواو دەکرد، دەماندایە دەستی ڕابەری پۆل، ئەویش لە لای خۆی تۆماری دەکردن، ئەوجا ڕابەری پۆل هەموو نمرەکانی دەدایە کارگێریی فێرگە. ڕابەری پۆلەکە هەڤبەندییەکی باشی لەگەڵ ئەو فێرخوازە هەبوو کە لە وانەکەی من کەتبوو، ئەم فێرخوازە زۆرێک لەو ئیش و کارەکانەی ئەو مامۆستایە پێی دەسپارد ئەنجامی دەدا، جا ئیشەکان لە فێرگە بووبان یاخود ئیشوکاری تایبەتی ماڵەوەی مامۆستاکە.

ڕابەری پۆلەکە بەبێ ئاگاداری من، دەستکاریی نمرەی ئەو فێرخوازەی کردبوو لە بابەتی من کە بیرکاری بوو، فێرخوازەکە خۆی لە 100-ەکە 40 ی هێنابوو، ڕابەرەکە کردبوویە 50، پاشان لیستەکەی بە کارگێریی فێرگە دابوو، دواتریش ئەنجامەکان بەم شێوەیە بە فێرخوازەکە درابۆوە.

سەرەتا نەمزانی کە دەستکاریی نمرە کراوە، دوای چەند ڕۆژێک گوتم با بەدواداچوون بکەم، بزانم کامە فێرخواز دەرچووە؟ نمرەیان چۆنە؟ دوای بەدواداچوونم بۆم دەرکەوت کە نمرەی فێرخوازێک دەستکاری کراوە، دوای بیرکردنەوەیەکی قوول و بە دواداچوونم، زانیم کە ڕابەری پۆل ئەم ئیشەی کردووە، چووم داوام لە ڕابەرەکە کرد کە دەمەوێ بە تەنیا قسەی لەگەڵ بکەم، لە شوێنێک بە تەنیا من و ڕابەرەکە قسەمان کرد. یەکەم جار گوتی ئاگام لێ نییە، دوای دانوستان، وتی بەڵێ دەستکاریم کردووە، منیش زۆر لێی نیگەران بوو، پێمگوت نەدەبوایە ئەم ئیشەت بکردایە، ئێمە مامۆستا و هاوڕێین. دواتر بیانووی هێنایەوە، گوتی بەڕێوەبەر بە منی گوتووە ئەو نمرەیە دەستکاری بکە، دواتر چووم بە تەنیا لەگەل بەڕێوەبەر قسەم کرد، ئەویش نکۆڵیی کرد لەوە، گوتی شتی وام نەکردووە، من زۆر تورە بووم و بەڕێوەبەرم بەجێ هێشت.

دوای ئەوەی کێشە دروست بوو لە نێوان م.دلان و مامۆستای ڕابەری پۆل، سەرەتا م.دلان هەوڵی دا کە چارەسەری کێشەکەی بکات لەڕێگەی دانوستانەوە لەگەڵ مامۆستای ڕابەری پۆل، پرسیاری ئەوەی لێ

بکات کە بۆچی بەبێ ئاگاداریی ئەو دەستکاری نمرەکەی کردووە؟ بەڵام مامۆستای ڕابەر نکۆڵی لێ کرد و بۆ خۆدەربازکردن لەو کارەی کردوویەتی دوو ستراتیژی بەکارهێنا:

- خۆلادان / لەبەر ئەوەی کارەکەی خستە ئەستۆی بەڕێوەبەر، لە ئاخافتنەکانیدا ئاماژەی بەوە دا کە بەڕێوەبەر پێی گوتووە ئەو کارە بکات، مەبەستی کەسەکە لێرەدا ئەوەیە کە خۆی لە ناکۆکییەکە لابدات.
- کێبڕکێ/ ئەم ستراتیژەی بەکار هێنا ئەو کاتەی کە نکۆڵیی لێ کرد، هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو ئامانجەکەی خۆی بپێکێت و زاڵیەتی خۆی نیشان بدات چونکە ڕابەری ئەو پۆلە بوو.

پاشان مامۆستا دلان لەبەر ئەوەی بێهیوا بوو لە چارەسەر کردنی ناکۆکیەکەی دواتر هەوڵی دانوستانی دا لەگەڵ بەڕێوەبەر، بەهەمان شێوە بۆ خۆدەربازکردن بەڕێوەبەریش هەمان ستراتیژی بەکار هێنا، بەمەش مامۆستا دلانی بەرەو توڕەبوونی زیاتر برد، ناکۆکییەکەی تاو دا بەوەی ئاماژەی هەڕەشەئامێزی بەکار بهێنێت، پێی ڕاگەیاندن ئەگەر نمرەکە وەکوو خۆی لێ نەکرێتەوە بەرێوەبەرایەتیی پەروەردە ئاگادار دەکاتەوە، پاشان مامۆستاکە و بەڕێوەبەر بۆ ئەوەی دۆخەکە خراپتر نەبێت پێیان ڕاگەیاند کە نمرەکە وەک خۆی لێ دەکەنەوە.

ئەگەر مامۆستای ڕابەر لە یەکەم دانوستانی لەگەڵ مامۆستا دلان ئەم تەکنیکانەی جێبەجێ بکردایە هەرگیز ناکۆکییەکە نەدەگەیشتە قۆناغی هەڕەشە و هەر زوو چارە دەکرا.

1. گوێرادێرانی قوڵ/ دەکرا زۆر بەجوانی گوێی لە مامۆستا دلان گرتبا و نکۆڵیی لە کارەکەی نەکردبا، دانی بەوەدا دانا کە ئەو کارێکی وای کردووە.
2. هاوسۆزێتی/ دەکرا ڕێزێکی وای بەرانبەر مامۆستا دلان بنوادایە پێشوەختە پرس و ڕای پێ بکردایە بەبێ ئاگاداریی ئەو دەستکاریی نمرەکەی نەکردایە.
3. لێبووردن / لە کاتی دانووستانەکەدا مامۆستای ڕابەر دەیتوانی دان بە هەڵەکەیدا بنێت و داوای لێبووردنی کردبایە، بەوەش ڕێگەیەکی دووری نێزیک دەکردەوە و ناکۆکییەکە بەئاسانی چارە دەبوو.

## بژیوانیکردن:

لەم چیرۆکەی سەرەوە کە مامۆستا دلان گێرایەوە، دوای خوێندنی چارەی ناکۆکی، دەکرێ بەم چەند هەنگاوە نێوبژیوانی بکرێت:

**هەنگاوی یەکەم**: گوێرادێرانی تەواو بۆ مامۆستای بابەت کە دەڵێت: نمرەی فێرخوازێک لە بابەتی من دەستکاری کراوە. هەروەها گوێگرتن لە مامۆستای ڕابەری پۆل کە بۆچی نمرەکەی گۆڕیوە؟ هەروەها گوێگرتن لە بەرێوەبەری فێرگەکە، تا چەندە ئاگاداری ئەم گرفت و گۆرانکارییە بووە؟

**هەنگاوی دووەم:** تێگەیشتنی تەواو لە هۆکاری دروستبوونی ناکۆکییەکە و بۆ گەیشتن بە کرۆکی باسەکە.

**هەنگاوی سێیەم:** بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستیی کێشە، کە بریتییە لە سەردانی فێرگە، بینینی تۆماری نمرەکانی مامۆستای بابەت و تۆماری نمرەی گشتی کارگێڕیی فێرگە، بە مەبەستی گەیشتن بە زانیاریی ڕاست و دروست.

**هەنگاوی چوارەم:** دانوستانی تایبەت بە مەبەستی چارەکردنی ناکۆکی، بە زمانێکی شیرین لەگەڵ هەریەک لە:

1. بەڕێوەبەر و مامۆستای ڕابەری پۆل، بۆ ڕاستکردنەوەی نمرەی فێرخوازەکە لە بابەتی دیاریکراو، تاوەکوو نمرەی فێرخوازەکە وەکوو خۆی لێ بکرێتەوە کە 40 بووە، هیچ ستەمێک و نادادییەک ڕوو نەدات.
2. دڵنیاکردنەوەی مامۆستای بابەت کە نمرەی قوتابی وەکوو جاری یەکەم لێ کراوەتەوە کە 40 بووە.

**هەنگاوی پێنجەم:** دانوستانی گشتی بۆ سەرجەم ئەم لایەنانەی کە لە ناکۆکییەکەوە تێوەگلاون بەمەبەستی ڕاگەیاندنی بڕیاری کۆتایی، چارەکردنی ناکۆکییەکە بە ڕێگەی پێدانی ڕێنمایی پێویست بە هەر یەکەیان، گەیشتن بە دڵنیایی و ئارامی.

**تێبینی:** لە کاتی نێوبژیوانیدا، لە سەرجەم هەنگاوەکاندا زمانی شیرین، کارامەیی و کارزانیی کەسی ناوبژیوان، کاریگەریی سەرەکیی هەیە لە ڕەوتی چارەسەری ناکۆکییەکان.

**نموونەسازیی دووهەم**

مامۆستایان، محمد سلێمان (پەروەردەی شارەزوور)، سامی عوسمان (پەروەردەی هەولێر) و مامۆستا عەزیز سەعید (پەروەردەی هەولێر)

### چیرۆکەئەزموون

لە قوتابخانەکەمان دوو مامۆستای پسپۆڕی زانست هەبوون، مامۆستا ئامانج پسپۆڕی فیزیا بوو و مامۆستا شاناز پسپۆڕی زیندەوەرزانی بوو. لەو کاتەدا وانەی زانست بەشبەش دەگوترایەوە، واتە هەر بەشێک لە بەشەکانی زیندەوەرزانی، فیزیا و کیمیا لەلایەن مامۆستای پسپۆڕەوە دەگوترایەوە. ئەو مامۆستایەی کە پسپۆڕی فیزیا بوو دەیتوانی بابەتی زیندەوارزانیش بڵێتەوە، بەڵام ئەو مامۆستایەی کە پسپۆڕی زیندەزانی بوو نەیدەتوانی بابەتی فیزیا بڵێتەوە، هەر بۆیە ناچار بوو بچێتە چەند قوتابخانەیەک تاوەکوو بەشەوانەکانی تەواو ببێت. مامۆستا شاناز لەبەرئەوەی گرفتی هاتوچۆ هەبوو، داوای لە مامۆستا ئامانج کرد کە سەرجەم وانەکانی زانستی قوتابخانەکەی بڵێتەوە بۆ ئەوەی بۆخۆی ناچار نەبێت بچێتە چەند قوتابخانەیەک، بەڵام مامۆستا ئامانج ئامادە نەبوو هاوکاری بکات. بەو هۆیەوە ناکۆکی کەوتە نێوانیان، بە ڕادەیەک کار گەیشتە گفتوگۆی توند، ئەمەش هۆکار بوو بۆ

دروست بوونی کەشێکی نالەبار لە قوتابخانەکەدا. بەڕێوەبەری قوتابخانە ناچاربوو لەگەڵ چەند مامۆستایەک ڕاوێژ بکات تاوەکوو چارەسەرێک بۆ ئەو بابەتە بدۆزنەوە.

## چارەکردن

بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە هەوڵماندا بە شێوەیەکی چالاکانە بچینە ناو بابەتەکەوە، سەرەتا هەوڵماندا ڕێگەچارەیەک بۆ گرفتی هاتوچۆکردنی مامۆستا شاناز بدۆزینەوە، هەروەها لە بارەی وانە گوتنەوەکەش پێشنیازی وانە گوتنەوەی شێوازی «تیم» مان کرد، مامۆستا ئامانج و مامۆستا شاناز هەوڵ بدەن ناوبەناو بە هاوبەشی وانەی پۆلەکانی یەکتری بڵێنەوە، هەوڵیش بدەن بەیەکەوە پلانی وانەکان دابنێن، ئەم ڕێگەچارانە لە چەند ڕوویەکەوە سوودیان هەیە، لە لایەکەوە کۆمەکیی مامۆستا شاناز دەکرد لەگەڵ چەمک و بابەتەکانی وانەی فیزیا ڕابێت، هەروەها هاوکارییەکی باشیش بوو بۆ فێرخوازان تاوەکوو ئەزموونی فێربوونیان بەرەو پێشەوە ببەن، چونکە لەیەک کاتدا دوو مامۆستا کاریان لەگەڵدا دەکەن.

دوای ئەوەی ئەو ڕێگەچارانەمان دیاریکرد، پێشنیازی کۆبوونەوەی ڕووبەڕووومان کرد لەگەڵ هەردوو مامۆستا تاوەکوو بتوانن نیگەرانییەکانی خۆیان باس بکەن، بە هاوکاری یەکتری باشترین چارە دیاری بکەن، ئەمەش کەشە پەروەردەییەکەی هاوسەنگ دەکرد و سوودی بۆ هەردوو مامۆستایەکە و ئەو قوتابخانانەش هەبوو کە وانەیان تێدا دەگوتنەوە.

بەکارهێنانی چەند نەهۆمێک لە «هەرەمی کۆهێن» بەمەبەستی چارەکردنی ناکۆکیی نێوان مامۆستا شاناز و مامۆستا ئامانج.

هەرەمی کۆهێن هەرەمێکی چوار نهۆمییە، لەلایەن «ڕیچارد کۆهێن»ـەوە دروستکراوە بەمەبەستی چارەکردنی ناکۆکی لە دۆخی جیاوازدا:

### 1. نهۆمی یەکەم: بنیاتنانەوەی متمانە

کۆبوونەوەیەکی نافەرمی ڕێک بخرێت بۆ مامۆستا ئامانج و مامۆستا شاناز بۆ گفتوگۆ کردن و دەربڕینی بۆچوونەکانیان، ئەم کۆبوونەوەیە کۆمەکی هەردوو مامۆستایەکە دەکات بە شێوەیەکی کراوە گفتوگۆ بکەن، لە خواست و پێداویستییەکانی یەکتر تێ بگەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڤبەندیی لەنێوانیاندا.

### 2. نهۆمی دووهەم: دەستنیشانکردنی پێداویستییەکان

مامۆستا شاناز پێویستی بەوەیە بتوانێت بە ئاسانی هاتوچۆ بکات لەنێوان قوتابخانەکاندا و ئەزموونی زیاتر وەربگرێت دەربارەی بابەتی فیزیا. مامۆستا ئامانج لە دەستپێکی ساڵەوە خۆی ئامادە کردووە بۆ وانەکان، نایەوێت ئەو پلانەی دایناوە تێکبچێت، بۆچوونی وایە ئەو بابەتەی کە دەیڵێتەوە بەشی خۆی سەختی هەیە، بۆیە نایەوێت ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دیکە ببێتەوە.

3. **نهۆمی سێهەم: نێوەندگیری و خستەڕووی چارەسەر**

دانیشتنی ڕووبەڕوو کە تێیدا بەڕێوەبەر یاخود مامۆستایەکی دیکە بێلایەنانە بژیوانی بکات لە نێوانیاندا و دەرفەت بە هەردوو مامۆستا بدرێت نیگەرانییەکانیان دەرببڕن، هەوڵ بدەن بیر لە چارەسەری هاوبەش بکەنەوە کە سوودی هەردوولای تێدا بێت.

پێشنیازی وانە گوتنەوە بەشێوەی تیم دەکرێت چارەسەرێکی گونجاو بێت لەو دۆخەدا، واتە هەردوو مامۆستا بە هاوبەشی پلانرێژی بۆ وانەکان بکەن و وانەی پۆلەکانی یەکتریش بەیەکەوە بڵێنەوە تاوەکوو ئەزمونگۆڕکێ بکەن لەگەڵ یەکتری، فێرخوازانیش زانیاری زیاتر لێیانەوە فێرببن. پێویستە ئاسانکاری بۆ هەردوو مامۆستاش بکرێت لە داڕشتنی خشتەی وانەکاندا تاوەکوو ئاستەنگی هاتوچۆیان بۆ دروست نەبێت.

**نموونەسازیی سێهەم**

مامۆستایان یعقوب عەلادین (پەروەردەی ڕاپەڕین)، دلارا حەمە علی (پەروەردەی سلێمانی) و عدنان عبدلرحمان (پەروەردەی هەولێر)

### چیرۆکەئەزموون

لە پۆلی یازدەی ئامادەیی لە خوێندنگاکەمان چەند فێرخوازێک بە نهێنی هەستابوون بە دروستکردنی پەیجێک لە تۆڕی جڤاکی، لەو پەیجەدا ئەو چەند فێرخوازە، بەبێ مۆڵەت وێنە و ڤیدیۆی مامۆستا و فێرخوازانی دیکەیان بڵاو دەکردەوە، کە تێدا توانجیان لە جلوبەرگ، ڕووخسار و لەشولاری ئەو کەسانە دەدا کە پۆستیان لەبارەوە دەکردن. بەشێک لە پۆستەکان نیشاندانی مەیلی زایەندەکی بوون و بەشێکی دیکەشیان توانج و گاڵتەپێکردن بوون. دۆخی خوێندگا بە تەواوەتی شڵەژابوو، مامۆستایان و فێرخوازانیش لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو کەسانەدابوون کە ئەو کارە نابەجێیە دەکەن. پاش لێکۆڵینەوە توانرا ئەو گرووپە فێرخوازە بدۆزرێنەوە کە ئەو کارەیان دەکرد.

لەو کاتەدا کارگێری خوێندنگە ڕێگەیەکی توندی بەکارهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دۆخە، سەرەتا پەیجەکەیان داخست، دواتر فێرخوازەکان بانگکران بۆ ژووری بەڕێوەبەر بۆ نووسینی بەڵێننامە لەلایەن هەر یەکێکیانەوە، پاشان خانەوادەکانیان ئاگادار کرانەوە لە کارەی کردوویانە، بۆ ماوەی هەفتەیەکیش بڕیاری دوورخستنەوەیان درا لە خوێندنگا. دوای کۆتایی هاتنی هەفتەکە فێرخوازەکان گەڕانەوە بۆ خوێندنگە و دەستیان کردەوە بە وانە خوێندن.

ئەو شێوازی چارەکردنە ئەو کاتەبوو کە ئێمەی مامۆستایان بەرچاوڕوونیمان نەبوو لە بارەی ناکۆکی و شێوازی چارەکردنی، ئەگەر ئێستا ئەو دۆخە بۆم پێشبێتەوە بەو شێوازەی خوارەوە هەوڵی چارەکردنی دەدەم.

چارەکردنی ناکۆکییەکە بە ڕێگای مۆدێلی شەش هەنگاوی چارەی ناکۆکی:

1. هەنگاوی یەکەم: سەرەتا لەلایەن چەند کەسێکی شارەزاوە هەوڵی دۆزینەوە پەیجەکە بدرێت، پاشان هەوڵ بدرێت هەموو ئەو کەسانە بدۆزرێنەوە کە سەرپەرشتی پەیجەکەیان کردووە.

2. هەنگاوی دووهەم: دانیشتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵیان و پرسیار کردن لەبارەی هۆکاری ئەنجامدانی ئەو کارە، پاشان ئاماژەدان بە لێکەوتەکانی پشت ئەو کارە کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی ڕووداوی نەخوازراوی وەکوو ( توندوتیژی، خۆکوژی... هتد)
3. هەنگاوی سێهەم: لیژنەیەک دروست بکرێت بۆ دیاریکردنی چەند ڕێگەچارەیەکی جیاواز.
4. هەنگاوی چوارەم: هەڵبژاردنی یەکێک لە چارەکان کە هەموو کۆک بن لەسەری.
5. هەنگاوی پێنجەم: پیادەکردنی ئەو چارەیەی کە هەڵبژێردراوە.
6. هەنگاوی شەشەم: بەدواداچوون بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی چارەسەرەکە جێگەی خۆی گرتووە و هەموو پێیەوە پابەندن، پاش ماوەیەک دیدارێک لەگەڵ گرووپەکە ساز بکرێت بۆ وەرگرتنەوەی فیدباک، لە هەنگاوی فیدباکدا پێویستە بەدواداچوون بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو پابەندی ئەو چارەیە بوون کە هەڵیان بژاردبوو، چ ئەنجامێکیان لەو چارەیە دەستکەوتووە؟ چی بکرێت بۆ ئەوەی کاری لەو شێوەیە دووبارە نەکرێتەوە.

### نموونەسازیی چوارەم

مامۆستایان پشتیوان عمر (مامۆستای ڕاهێنەر لە ڕاپەڕین)، شێرزاد عبدالله (مامۆستای ڕاهێنەر لە دهۆک) و هیوا غەفار (مامۆستا ڕاهێنەر لە گەرمیان) نووسیویانە.

### چیرۆکەئەزموون

لە فێرگەیەکی بنەڕەتی دەوامم دەکرد. ئەندامی لیژنەی پەرەپێدانی فێرگە و لیژنەی ڕێکخستنی فێرگە بووم، بەڕێوەبەری فێرگەکە یەکەم ساڵی کاری بەڕێوەبەریەتی بوو، شارەزاییەکی تەواوی لە کاری بەڕێوەبەری نەبوو، لە زۆربەی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دەبۆوە منی ڕادەسپارد کە هاوکاریی بکەم و کێشەکەی بۆ چارەسەر بکەم.

ڕۆژێکیان کە چوومە فێرگە لە دالانی فێرگەکە بەرەو ژووری مامۆستایان دەڕۆیشتم، گوێم لە دەنگی مامۆستایەکمان بوو هاواری دەکرد من نمرەکەی بۆ چاک ناکەم دایکی فێرخوازەکەش بەسەر مامۆستاکەدا هاواری دەکرد دەبێت ئەو نمرەیەی بۆ چاک بکەیت، چوومە ژووری بەڕێوەبەر، گوتم: ئەو دەنگە دەنگە چییە؟

بەڕێوەبەر گوتی: دایکی فێرخوازەکە هاتووە دەڵێت مامۆستای وەرزش ستەمی لە کوڕەکەم کردووە و نمرەی کەمی بۆ داناوە. منیش گوتم: قسەت لەگەڵ مامۆستای وەرزش کردووە؟ ئەو چی دەڵێت دەربارەی ئەم باسە؟ مامۆستای وەرزش گوتی: من ستەمم لێ نەکردووە ئەو فێرخوازە ڕاستە لە ڕووی زانستییەوە لە وانەکاندا نایابە. بەڵام فێرخوازێکی زۆر بزێو و لاسارە. زۆرجار لە وانەدا کێشە بۆ هاورێکانی دروست دەکات. بەڕێوەبەر پێی گوتم تکام وایە چارەیەکی ئەو کێشەیەم بۆ بکەیت، چونکە من خەریکی چاککردنی ئەو کارتانەم کە کێشەیان هەبووە. منیش ڕازی بووم. چوومە ژووری مامۆستایان و سڵاوێکی گەرمم لە مامۆستایان و دایکی فێرخوازەکە کرد، پاشان بەخێرهاتنی دایکی فێرخوازەکەم کرد، بە دایکی فێرخوازەکەم گوت: خاتوون ئارام بەوە! تۆ کەسێکی ڕۆشنبیریت لە ناوەندێکی ئەکادیمیدایت، ناکرێت بە هاتووهاوار لە ناو ژووری مامۆستایان قسە لەگەڵ مامۆستادا بکەیت. ئەگەر بەهێمنی گفتوگۆ بکەن، دڵنیام کێشەکەشتان باشتر چارەسەر دەبێت.

دوای ئەوەی دایکی فێرخوازەکە و مامۆستای وەرزشم هێمن کردەوە بڕیارم دا بەجیا قسە لەگەڵ هەر یەکێکیان بکەم.

بە مامۆستای وەرزشم گوت: بەیارمەتیت با بچینە دەرەوە لە گۆڕەپانی فێرگە پیاسەیەک بکەین و کەمێک قسەش دەکەین. دەربارەی کێشەکە مامۆستای وەرزش گوتی: ڕاستە ئەو فێرخوازە لە ڕووی زانستییەوە ئاستی زۆر باشە بەڵام لە ڕووی ڕەفتارییەوە لە زۆربەی وانەکان کێشە دروست دەکات بۆ هاوڕێکانی و هەندێ جار ئازاریشیان دەدات. جگە لەوەی لەناو پۆلیشدا پڕجووڵە و لاسارە، ئەو ڕەفتارانەی هەم من، هەمیش هاوپۆلەکانی هەراسان دەکات.

پێشتر لە کۆبوونەوەی دایک و باوکان، دایکیم ئاگادار کردۆتەوە لەو گرفتەی کە فێرخوازەکە هەیەتی و گوتووشمە ئەگەر ئەو ڕەفتارانەی چاک نەکات نمرەی لێ دەشکێنم.

منیش گوتم: حەقی خۆتە، ئەگەر بەم شێوەیە بێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم فێرخوازە ئەم ڕەفتارانەی چاک بکات تۆ ئامادەی نمرەکەی بۆ بگێڕیتەوە؟ مامۆستاش گوتی: بەڵێ، منیش دەستخۆشیم لێ کرد و چووینەوە ژووری مامۆستایان. دواتر چوومەوە بۆ ژووری بەڕێوەبەر و گوتم: دەمەوێت لەبارەی ڕەفتاری ئەم فێرخوازە قسە لەگەڵ فێرخوازەکە خۆی و چەند هاوپۆلێکی بکەم.

بەڕێوەبەر فێرخوازەکەی بۆ بانگ کردم و قسەم لەگەڵی کرد، دەربارەی ڕەفتارەکانی پشتڕاستی قسەی مامۆستاکەی کردەوە و گوتی: بەڵێ مامۆستا ڕاست دەکات، زۆر جار کێشە بۆ هاوڕێیەکانم دروست دەکەم و پڕجوڵەشم لە پۆلدا، هەرچەندە مامۆستاکەشمان زۆر باشە لەگەڵ ئێمەدا. بەڵێنی دا لەمەولا ڕەفتارەکانی بۆ باشتر بگۆڕێت، و ئازاری هاوڕێکانیشی نەدات. کاتێک قسەم لەگەڵ هەندێ لە فێرخوازانی پۆلەکە کرد هەموویان گوتیان: ئەم فێرخوازە زۆر پڕجوڵەیە و چەند جار قسەی مامۆستاشی شکاندووە.

دواتر بە بەڕێوەبەرم گوت: ئێستا دەمەوێت قسە لەگەڵ دایکی فێرخوازەکە بکەم، بەڕێوەبەر بانگی دایکی فێرخوازەکەی کرد بۆ ژوورەکەی خۆی و کاتێک دایکی فێرخوازیەکە هاتە ژوورەوە، دووبارە بەخێرهاتنم کرد ئینجا فەرمووم لێ کرد دابنیشێت. دواتر پرسیم: خاتوون تۆ بە چیدا دەزانیت کە منداڵەکەت غەدری لێ کراوە؟ دایکی فێرخوازەکەش گوتی: کوڕەکەم زۆر زیرەکە، لە هەموو وانەکان سەدی هێناوە، تەنها لە وەرزش ٩٥ی هێناوە، منیش گوتم فێرخوازەکەت لەوانەیە لە لایەنی زانستی نایاب بێت بەس لەوانەیە لە لایەنی ڕەفتارییەوە کێشەی هەبێت، بەتوورەییەوە گوتی: ڕەفتاری باش نییە واتا چی؟ منیش گوتم: کوڕەکەت زۆر لاسارە و گوێڕایەڵیی مامۆستاکەی ناکات و کێشەش بۆ هاوڕێیەکانی دروست دەکات، لە کاتێکدا کوڕەکەت بۆخۆی دانی بەم هەڵەیەی خۆیدا ناوە و بەشێک لە هاوپۆلەکانیشی ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە. هەروەها مامۆستای وەرزشیش پێشتر ئێوەی لەم ڕەفتارانەی منداڵەکەتان ئاگادار کردبۆوە. گوتی بەڵێ، ڕاستە مامۆستا ئاگاداری کردمەوە مامۆستا، من داوای لێبووردن لە تۆ و مامۆستاش دەکەم.

منیش گوتم: کەواتە ئێستا دەزانین کێشەکەمان چییە و چۆن چارەی بکەین، کوڕەکەتان بەڵێنی داوە ڕەفتارەکانی چاک بکات، ئەگەر ئێوەش بەڵێنم پێ بدەن کە کاری لەگەڵدا دەکەن و ئەویش ڕەفتارەکانی بارەو باشتر ببان، ئەوە منیش هەوڵ دەدەم مامۆستا نمرەکەی بۆ چاک بکات، دواتر چووینەوە ژووری مامۆستایان و دایکی فێرخوازەکە داوای لێبووردنی لە مامۆستای وەرزش و هەموو مامۆستایانی دیکە کرد.

چەند ڕێنماییەکی گرینگ کە مامۆستا و خێزان پێویستە سێرەیان لەسەر بێت بۆ ئاسانکاری بژیوانیکردن لە ناکۆکییەکەدا:

- پێویستە بزانم کە کێشەکە لەسەر ڕەفتاری فێرخوازەکەیە نەوەک فێرخوازەکە خۆی.
- پێویستە بۆ چارەسەری کێشەکە گفتوگۆیەکی چڕ و ورد بکرێت.
- دەبێت بەڕێوەبەر و ئەنجوومەنی مامۆستایان لە چارەسەرکردنی کێشەکە بەشداری بکەن.
- پێویستە دایک و باوک لەوە تێ بگات کە مامۆستا وەکوو منداڵی خۆیان سەیری فێرخواز دەکات.
- دایک و باوک پێویستە ئامۆژگاریی منداڵەکانیان بکەن فێرگە وەک ماڵی دووهەم سەیر بکەن، مامۆستا لە فێرگەدا لە جێگەی دایکوباوکە و پێویستە ڕێزیان بگرێت.
- فێرخواز پێویستە فێر بکرێت کە هاوپۆلەکانی و هاوڕێیەکانی خوشک و برای ئەون بۆیە پێویستە ڕێزیان بگرێت و هاوکارییان بکات نەک کێشەیان بۆ دروست بکات.
- پێویستە مامۆستایان شارەزایی تەواویان لە دەروونزانیی منداڵ و دەروونزانیی پەروەردەدا هەبێت بۆئەوەی بتوانن بەئاسانی کێشەکانیان چارەسەر بکەن.
- پێویستە کارگێڕیی فێرگە لە کاتی کۆبوونەوە و ڕیزکردنی فێرخوازاندا، مامۆستایان، فێرخوازان و ئەندامانی دیکە فێرگە وەک ئەندامانی یەک خێزان بناسێنێت.
- لە کاتی بوونی کێشەیەکدا پێویستە گوێگرێکی باش بین تاوەکوو باشتر ڕەهەندەکانی کێشەکە دەرک بکەین و ئەوکات چارەسەریش ئاسانتر دەبێت.
- دەبێت دایک و باوکان بزانن کە تەنها نمرە پێوەر نییە بۆ سەرکەوتنی منداڵەکەیان بەڵکوو بونیادنانی کەسایەتی و ڕەفتاری دروست زۆر لە نمرە گرنگترە.

**نموونەسازیی پێنجەم**

مامۆستایان حەمدی باکرمانی (مامۆستای ڕاهێنەر لە دهۆک)، سەفین باڵەکی (مامۆستای ڕاهێنەر لە سۆران) و هەنار ئەحمەد (مامۆستا ڕاهێنەر لە سلێمانی) نووسیویانە.

**چیرۆکەئەزموون:** ناکوکییەک دناڤبەرا مامۆستاو فێرخوازدا

ئەز ڕێڤەبەر بیم ل فێرگەکێ، ناکوکییەک ڕووی دا دناڤبەرا مامۆستایەکا ئافرەت و فێرخوازەکێ پۆلا شەشێ بنەڕەتیدا، قوتابی دناڤ وانێدا دئاخفت و پێدکەنیت، بیە ئەگەرێ تێکدانا وانێ، مامۆستاژێ تورەبی گوتە قوتابییە: بێتەربییەت! بێدەنگ بە! قوتابی عاجز بی ل قوتابخانێ دەرکەفت و چوو بۆ مال گۆتە بابێ خۆ مامۆستایا مە گوتە من بێتەربییەت! بابێ قوتابی زوور تورەبی تەلەفونا من کر و گۆت بۆچی مامۆستایاتە وە گوتیە کورێ من، دڤێت ئەو ماموستا ل قوتابخانێ نەمینیت، چەوا هنگۆ پەروەردەکارن ڤان پەیڤان دبێژنە فێرخوازان! من گوتێ خێرە؟ دشێیت بهێیە قوتابخانێ؟ داکوو پتر تێک بگەهین، بابێ قوتابی هاتە قوتابخانێ ئەز دگەل بابێ قوتابی ڕونشتم و بزمانەکێ نەرم و نیان دگەل ئاخفتم. ئەڤ تشتێ هاتییە کرن من ئاگەه لێ نینە. کورێ تە ئێکسەر

هاتیە مال، نەهاتیە نک من کۆ ئاریشا وی بزانم. ئەڤ تشتە نابیت ل قوتابخانێ هەبیت، ماموستاییێت خو ئاگەهدار دکەم کوو نابیت ئەڤ پەیڤان نەشیاو ل قوتابخانێ بەرامبەر فێرخوازان بهێنە گوتن. بابێ قوتابی ڕێز ل من گرت و ئارام بی و بەرڤ مال چوو. پاشان جودا دگەل ماموستایا خۆ ڕونشتم کوو نابیت ئەڤ ئاریشە دووبارەببن ئەڤ و ماموستا داخازا لێبورینێ لمن کر، پاشی هەنگێ من فێرخواز ئامادە کر و داخازا لێبورینێ ل ماموستایێ کر. پاشان من کومبوونەک دگەل ماموستاییێت خۆ کر و ئاگەهدار کرن کوو نابیت پەیڤان نەشیاو ل قوتابخانێ بهێنە بکارئینان، ماموستایان هەمیان بیروبۆچونێن خۆ دەربارەی بابەتی داریشتن و ل دوماهیکێ گەهشتینە ئەنجامێن باش.

## چارەکردن

پاش ئەوەی بە شێوەیەکی دروست و زانستییانە و ئەو ئەزموونەی ئێستا وەرمگرتووە لە بابەتی چارەی ناکۆکی، ئێستا فرەوانتر بیر دەکەمەوە و هەوڵ دەدەم بەتەواوی بابەتێک بچووک بکەمەوە و لە کەمترین کاتدا بەدوای چارەی گونجاودا بگەڕێم، بە جۆرێک بێت مافی کەس پێشێل نەکرێت و تەمومژی ناکۆکییەکە بەتەواوی بڕەوێتەوە و خۆم و هەردوو لایەن ڕازی بین لە دەرەنجامەکەی.

بۆ ئەم بابەتە، هەوڵ دەدەم بەجیا لەگەڵ خێزانی فێرخوازەکە و لەگەڵ ماموستاکەش دابنیشم گوێگرێکی باش بم و کاتی تەواو بدەم بە هەریەکێکیان، پاشان ماموستاکە هۆشیار دەکەمەوە لەو کارەی کردوویەتی و ئاگاداری دەکەمەوە کە ئەوە بەتەواوی پێچەوانەی ئاکاری پیشەوەرانەی ماموستایە و نابێت ماموستا پەیڤی لەو شێوەیە بەکار بهێنێت. پاشان وا دەکەم خێزانی فێرخوازەکە بەووردی تێ بگەیەنم کە ماموستا ڕەنگە بێ هیچ مەبەستێک ئەو وشانەی بەکار هێنابێت بەڵام لە بنەڕەتدا گونجاوی بەکارهێنان نین، مادەم ئێوەشی نیگەران کردووە کارێک دەکەم ماموستاکە پۆزش بهێنێتەوە تا ئەوانیش دڵنیا ببنەوە لە نییەتپاکی ماموستاکە. ڕەنگە ماموستاکە ئەم دۆخەی بەدڵ نەبێت بەڵام یەکەم: ناکرێ بەرگری لە ڕەفتارێکی هەڵە بکرێت و بۆ ئەوەی پەل نەکێشێ و سنووری تر نەبڕێت.

دووەم: ماموستاکە لەبەر کەسایەتیی خۆی و ئاستی هەڵەکەی و کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکە، ئەو پۆزشە بهێنێتەوە لەو حاڵەتەدا گونجاوترین چارەسەرە. خێزانی فێرخوازانیش بەگشتی ڕێز و خۆشەویستییان لە ماموستا دەوێت بۆیە هەوڵ دەدەم ئەو دۆخە گەرم و ئاڵۆزە چارە بکەم بەوەی کە پێویستی پێیەتی.

## بژیوانیکردن

لەگەڵ ئەوەی بەشداری چەند خولێکمان کردووە لەو دوو ساڵەدا چەند ئەزموونێکی نوێمان وەرگرتووە لە ڕێگە نوێیەکانی وانەگوتنەوەی سەردەمییانە، یەک لەو ئەزموونانەی کە زۆر گرنگە بۆ ناو فێرگەکان کاری جددی لەسەر بکرێت و ماموستایان و فێرخوازانیشی لێ توانادار بکرێت ناوبژیوانی و نێوانسازییە لە بابەتی چارەی ناکۆکیدا.

## نێوانسازی

پرۆسەیەکی بێلایەنە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان دەکرێت و دەشێت بە چەند قۆناغێک جێبەجێ بکەین وەک:

1. قۆناغی یەکەم: باسکردنی کێشەکە. دەستتێوەردانی دەمودەست لە ناکۆکیدا یارمەتیی کەمبوونەوەی کاریگەریی ناکۆکییەکە و توندوتیژی دەدات.
2. قۆناغی دووەم: بیرۆکەبارانەی چارە. لەم قۆناغەدا هەردوولا بیرۆکە بارانە دەکەن بۆ دۆزینەوەی چارە.
3. قۆناغی سێهەم: دیاریکردنی چارەسەر. کاتێک هەردوو لایەن دەست دەکەن بە یەکخستنی بۆچوونەکانیان و هەست بە ئامادەیی دەکەن بۆ ڕێککەوتن لەسەر هەڵوێستەکانیان، تیشک دەخەنە سەر داهاتوو وەک لە ڕابردوو.
4. قۆناغی چوارەم: بەدواداچوون و فیدباک. قۆناغی کۆتایی لە پرۆسەی نێوانسازیدا جێبەجێکردن و بەدواداچوونی بەردەوامە.

**نموونەسازیی شەشەم**

مامۆستایان زانا زاهیر (مامۆستای ڕاهێنەر لە سۆران)، زبێر محەمەد (مامۆستای ڕاهێنەر لە ڕاپەڕین) و سارا محەمەد (مامۆستا ڕاهێنەر لە سلێمانی) نووسیویانە.

### چیرۆکەئەزموون

سەرەتای ساڵە و ژمارەیەک فێرخواز (کوڕ و کچ) ی خنجیلانەی پۆلی یەک، بەمەستی دەسپێکێکی نوێ بۆ پەروەردە و فێرکردن ڕوو دەکەنە فێرگە. بەهۆی تێکەڵبوونی فێرخوازان لەپۆلدا، هاتنی هەریەکە لە ژینگەی جیاوازەوە، بۆ بەشێک لە فێرخوازان دەستپێکێکی باشە بەڵام بۆ بەشێکی تریان بەرۆکگیرییەکی سەختە.

«سوهێل» فێرخوازەکی نەسرەوەتە (پرجوڵە)یە، لەپۆلی یەک سەرنجی تەواوی مامۆستایانی لە فێرگەدا بۆ خۆی ڕاکێشاوە. کاتی پشووی نێوان وانەکانە، مامۆستایان خەریکی پشوودانن، لەپڕ فێرخوازیەک بەناوی« بڕوا» خۆی دەکات بە ژووری مامۆستایان و ڕایدەگەیەنێت کە «سوهێل» ئازاری «ئالان» ی داوە، مامۆستا «زانا» بەدەم چاخواردنەوە کە گوێی لەمە دەبێت خۆی دەگەیەنێتە پۆلەکە، دەبینێت کە فێرخوازان بەدەوری ئالانەوەن، ئالانیش فرمێسک لە چاوەکانی ڕاناوەستێت و قسەی بۆ ناکرێت لەتاو ئازار و گریان. مامۆستا زانا بانگی سوهێل دەکات هەموو فێرخوازان سەیری مامۆستا زانا دەکەن کە بانگی سوهێل دەکات و لایان پرسیارە کە دەبێت مامۆستا لەو دۆخەدا چ کاردانەوەیەکی هەبێت. هەموویان بەبێدەنگی سەیری مامۆستا و سوهێل دەکەن بێگومان دەزانن کە سوهێل تاوانبارەکەیە و ژینگەی پۆلەکەی تێک داوە. مامۆستا دەستی لەسەر شانی سوهێل دادەنێت پێی دەڵێت: کوڕم ئێرە فێرگەیە شوێنی پەروەردە و فێرکردنە ناکرێ و نابێت ئازاری کەس بدەیت بەتایبەت هاوڕێکانت!

فێرخوازان هەموویا گوێیان گرتبوو و بێدەنگی باڵی بەسەر پۆلەکەدا گرتبوو، سوهێل هێشتا توڕەیە و دانەمرکاوەتەوە، بە بڕوابەخۆبوونەوە دەستی مامۆستای لەسەر شانی لادا! مامۆستا کە ئەو دیمەنە دەبینێت دەستی بەتوندی دەگوشێت و لە بناگوێی سوهێل دەسرەوێنێت و پێی دەڵێت: یەک جاری دیکە هاروهاجی بکەیت یان ئازاری فێرخوازان بدەیت دەرت دەکەم لە فێرگە، ئێستاش بڕۆ لەشوێنی خۆت دابنیشە بە بێدەنگی!

فێرخوازان ئەمەیان پێ خۆش بوو بوو، وەک پاڵپشتییەک بۆ ئالان. دۆخەکە کەمێک هێور بوویەوە و کۆتایی بە کێشەکە هات.

## چارەکردن

بۆ چارەی ناکۆکییەکە، کاتێک بروا هاتە ژوورەوە گوتی سوهێل لە ئالان-ی داوە، مامۆستا بە دەروونێکی نائارامەوە، کەمێک بەپەلە خۆی گەیاندە پۆلەکە تا بزانێت چی ڕووی داوە، سەیری کرد، فێرخوازان لەدەوری ئالان ئالاون، ئالان فرمیسکی بە چاودا دێتەخوار، مامۆستا دۆخەکەی لە ناو پۆلەکە هێورکردەوە و هەردوو فێرخواز سوهێل و ئالان - ی بانگهێشت کرد، لەگەڵ خۆیدا بردنی بۆ ژووری تایبەتی خۆی، پاشان پرسیاری لێ کردن هۆکاری ئەم ناکۆکییە چی بووە.

سوهێل وەڵامی دایەوە، مامۆستا ئالان پێی گوتم پرچت بەشێوەیەکی ناشیرن شانە کردووە، منیش پێم ناخۆش بوو، گوتم پرچی خۆشت ناشرینە، لەمەوە ناکۆکیەکەمان دروست بوو و گەیشتە ئاستی توندوتیژی. ئینجا مامۆستا گوێی بۆ ئالان گرت، ئەویش گوتی من مەبەستم ئازاردانی نەبوو تەنیا ویستم یارمەتیی بدەم و جوانتر پرچی شانە بکات، بەڵام ئەم بەهەڵە تێگەیشت و وایزانی من گاڵتەی پێ دەکەم و ئازاری دام. مامۆستا ئامۆژگاریی کردن، لەم کاتانەدا دەبێت ئالان بەشێوەیەکی جوانتر یارمەتیی هاوڕێکانی بدات و ئاگاداریان بکاتەوە کە شتێک بە لایەوە پەسند نەبوو. دەبێت سوهێل زیاتر ئارامگر و لەسەر خۆ بێت زوو هەڵنەچێت و بڕیاری خێرا نەدات، پاشان بەیەکەوە ئاشتی کردنەوە و هەرسێکیان بەزەردەخەنەوە گەڕانەوە بۆ ناو پۆل لای فێرخوازانی پۆلەکەیان گوتیان کە هەموویان یەک خێزانن و هاوڕێ و دۆستی یەکترن.

## نێوانسازی

بۆ کێشەی نێوان سوهێل و ئالان کەسی نێوانساز، پێویستە بەپەلە بگاتە شوێنی ناکۆکییەکە، ئەو کەسانەی کە ناکۆکییەکە لە نێوانیان دروست بووە دوور بخاتەوە لە شوێنی ناکۆکییەکە، پاشان هەوڵ بدات ئارامیان بکاتەوە و گوێیان لێ بگرێت. کەسی نێوانساز پێویستە گوێگرێکی باش بێت و بەیەکسانی گوێ بۆ هەردوو لا بگرێت، بەتایبەت لەم قۆناخە، تاوەکوو هەست بە بوونی جیاوازی نەکەن، پاش زانینی هۆکاری دروستبوونی ناکۆکییەکە، کەسی نێوانساز بیرۆکەباران دەکات بە بەشداری هەردوو لایەنی ناکۆک، پاشان لەگەڵ مامۆستای بەرپرس لە چارەسەری کێشەکان چارەی گونجاو دادەڕێژن، هەروەها هەردوولا ئاگادار دەکرێتەوە لە ڕێگاچارەکە، پێویستە هەردوو مامۆستا نێوانساز و چارەسەر، بەدواداچوون و فیدباک بکەن بۆ ئاگاداربوونیان لە نەمانی ناکۆکییەکە.

## سەرەنجام

ئەوەی لەم پەرتووکەدا بەر دیدمان کەوت ئەوەیە کە ناکۆکییەکان دیاردەی سروشتین، ناتوانرێت ڕێگە لە دروستبوونیان بگیرێت، چونکە دەشێت لە هەر کاتێک و لە هەر شوێنێک بێت ڕووبەڕوومان ببنەوە، پێویستە بە ئاسایی وەریانبگرین و بتوانین بە شێوازێکی دروست مامەڵە بکەین لەگەڵیاندا، هەوڵ بدەین لە ڕێگەی دانوستانی گونجاوەوە چارەی گونجاو بۆ ئەو ناکۆکییانە بدۆزینەوە کە دێنە ڕێگەمان، جا ئەو ناکۆکییانە لە ژیانی پیشەییماندا بن یان لە ژیانی ئاساییدا.

فێرگە وەک دامەزراوەیەکی جڤاکی ناکۆکی زۆر تێیدا ڕوو دەدەن، ئێمە وەک مامۆستا پێویستە فێرخوازان وا ڕابهێنین کە هەوڵ بدەن لە ڕێگەی دانوستانەوە بۆخۆیان چارەی ئەو ناکۆکییانە بکەن کە دێتە ڕێگەیان و کەمترین کات بگەڕێنەوە لای مامۆستا. واتە ئەو ئەرکە پێویستە بە فێرخوازان خۆیان بسپێردێت، خۆیان ببنە چارەساز بۆ ئەو ناکۆکییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

بژیوان ڕۆڵێکی یەکجار گرینگی هەیە لە هەنگاونان بەرەو چارەی ناکۆکی، بۆیە پێویستە لە کاتی بژیوانییدا دەرفەتی یەکسان بدرێت بە هەریەک لەو لایەنانە کە ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیان و هەوڵ بدەین بێلایەنانە بەبێ پشتگیری هیچکام لە لایەنەکان بژیوانی بکەین.

# سەرچاوە


- Amoh, G., 2007. grdc.org. [Online]. Available at: http://www.gdrc.org
- Anon., n.d. easy generator. [Online]. Available at: https://elearning.easygenerator.com
- Birgitta Friberg, I. H., 2015. چارەی ناکۆکی لە فێرگەدا. Stockholm: Gleerups Utbildning AB.
- Campbell, J. P. &. C., 2020. TEEN TRUTH. [Online]. Available at: http://teentruth.net
- CFC 2002. Second Step. 3rd Edition. Seattle. Available at: https://komak.nu/Kurdi/Proje/HbH/HbH.htm
- Cohen, R., 1995. Student Resolving Conflict: Peer Mediation in School.
- Curle, A., 2010. Radical Peacemaker and Pioneer of Peace Studies. Tom Woodhouse, Volume II, pp. 4-6.
- Elyse, 2023. Proud to be primary. [Online]. Available at: https://proudtobeprimary.com/conflict-resolution-activities/
- E-Rahenan Platform (2023), Ministry of education/Kurdistan
- Faire, H. C. &. S., 2006. Everyone can Win: Responding to Conflict Constructively, 2nd Edition ed. Australian: Simon & Schuster.
- FES, Youth Leadership Development Programme (YLDP) Module of Conflict
- Impasse: A Deadlock in Mediation, By Riya Sehgal. Available at: https://viamediationcentre.org/readnews/Mjg5/Impasse-A-deadlock-in-mediation
- Indeed, 2023. How to mediate conflicts (With definitions and steps). [Online]. Available at: https://uk.indeed.com/career-advice/career-development/how-to-mediate
- Kilmann, R H. & Thomas, K. 1975. Thomas- Kilmann Mode Instrument.
- Kovacic, M. (2019). The Role of mediation in school. University of Primorska (p.157). Koper: Jurka Lepicnik Vodopivec.
- Moore, Ch., 2003. The Mediation Process, third Edition, 2003.
- Que, G., 2023. Fit Small Business. [Online]. Available at: https://fitsmallbusiness.com
- Sehgal, R., 2023. Via Mediation & Arbitration Centre. [Online]. Available at: https://viamediationcentre.org/readnews/MjU3/Different-Stages-of-Mediation
- Weiler, R., 2019. Klwuer Mediation Blog. [Online]. Available at: https://mediationblog.kluwerarbitration.com/2019/11/06/overcoming-impasse-in-mediation/